گـــــۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/a2wg6c79

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن:11/05/5/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن:10/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە:29/10/2025

# کێشەی ئیپستمۆلۆژیا لە فەلسەفەی جۆن لۆکدا

## ڕێژنە فاروق عبداللە[١] - مسلم حسن محمد [٢]

dr.muslimhasan2004@uor.edu.krd   Rezhna.faruq@uor.edu.krd

[١+٢] بەشی فەلسەفە،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا ناکۆکیەکی بنەڕەتی لە نێوان ڕێبازی ئەقڵگەرایی و ئەزمونگەرایی لەسەر پرسی سەرچاوەی زانیندا خراوەتەڕو، فەیلەسوفانی ڕێبازی ئەقڵگەرایی بە تایبەت دیکارت پێیان وایە کە زانینی ڕاستەقینە لە هەستەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو تەنها لە ئەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت و هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن، هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ بیرۆکەی زگماکی، پێیان وایە مرۆڤ لەساتی لەدایک بونەوە خاوەنی ئەو بیرۆکانەیە کە ڕاستن، بۆ بەدەستهێنانیان پێویستیان بە ئەزمون نیە، لە بەرامبەردا فەیلەسوفانی ڕێبازی ئەزمونگەرایی بە تایبەت جۆن لۆک پێیان وایە زانین تەنها لە ئەزمونەوە سەرچاوە دەگرێت، لۆک بیرۆکە زگماکیەکان ڕەت دەکاتەوە، پێیوایە ئەقڵ لە کاتی لەدایکبوندا وەکو پەڕەیەکی سپی وایە هیچ بیرۆکەیەکی پێش ئەزمونی تێدا نییە، بەڵکو هەر شتێک کە دەیزانین لەڕێگەی ئەزمونی هەستەکیەوە پێی دەگەین، هەرچەندە لۆک ڕۆڵی ئەقڵ لە زانیندا بە تەواوی پشت گوێ ناخات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی بۆ بەدەستهێنانی زانین سنوردار دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەقڵ ناتوانێت بەتەنیا خۆی هیچ شتێک بزانێت بەبێ ئەوەی داتا و زانیاری لە هەستەکانەوە پێ بگات، لە فەلسەفەی ئەزمونگەرایی جۆن لۆکدا ئەقڵ سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆی زانین نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ شیکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو داتا و زانیاریانەی لە ئەزمونی هەستەکیەوە بۆی گواستراونەتەوە، لە کۆتاییدا هەرچەندە لۆک پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەزمونی هەستەکی بناغەی زانینە، بەڵام ئەقڵ ئەو ئامرازەیە کە لە ڕێگەیەوە زانین پەرەی پێ دەدرێت و پشتڕاست دەکرێتەوە و جێبەجێ دەکرێت، ئەقڵ سەرچاوەی سەرەکی زانین نییە، بەڵام ئەقڵی مرۆڤ پێویستیەکی حەتمیە بۆ ئەوەی بیرۆکەکان ڕێک بخات، ئەقڵ دەتوانێت لە بیرۆکەی سادەوە بیرۆکەی ئاڵۆز و لێکدراو دروست بکات، بەم شێوەیە سەرەتا زانین لە ئەزمونی هەستەکیەوە دەست پێدەکات و لە ئەقڵدا پەرەی پێ دەدرێت، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بیرۆکەکانی لۆک سەبارەت بە زانین و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانینێکی دڵنیایی لێکراو بخرێنەڕو.

**وشە کلیلەکان:** جۆن لۆک، تیۆری زانین، ئەقڵ، ئەزمون، بیرۆکەی سادە، بیرۆکەی لێکدراو.

# The Problem of Epistemology in John Locke’s Philosophy

**Rezhna Faruq Abdalla [1] - Muslim Hassan Mohammed[2]**

[1+2]Department of Philosophy, College of Human scinces, University of Raparin,Ranya, KurdistanRegion, Iraq.

**Abstract:**

This article discusses the underlying disagreement between rationalism and empiricism regarding the source of knowledge. Rationalist philosophers, especially Descartes, claim that true knowledge originates from the mind and not from the sense, because it is related to the concept of inborn and the senses deceptive often. Rationalists argue that individuals are born with innate ideas that are true and do not depend on experience. On the other hand, empiricist philosophers, especially John Locke, maintains that knowledge originates solely from experience. According to Locke, the human mind is a blank slate at birth, and is without innate ideas, and the things we know are obtained through sensory input. Although Locke appreciates the role of the mind in processing knowledge, he believes its capacity to generate knowledge independently is limited. Locke asserts that the mind cannot create knowledge without receiving data through the senses first. According to Locke, reason is not a direct source of knowledge but works as a tool to organize and analyze information acquired from sensory experiences. In the end, he claims that although sensory experience is the basis of knowledge, the mind is crucial for creating, verifying, and applying the knowledge. It can be concluded that the mind is not the origin of knowledge, but it has an essential role in interpreting and organizing ideas. Also, it can combine simple sensory signals into more complex concepts. Therefore, it can be argued that knowledge begins with sensory inputs and is then formed and expanded by the mind. This study aims to explore John Locke's ideas about knowledge and the methods by which certain knowledge can be acquired.

Keywords: John Locke, Epsitemology, Reason, Experience, Simple Ideas, Complex Ideas

## پێشەکی:

بەدرێژایی مێژوی فەلسەفە تیۆری زانین یەکێک بوە لە لقە گرنگەکانی فەلسەفە و هەردەم جێگای گرنگیپێدانی فەیلەسوفان و قوتابخانە فەلسەفیەکان بوە، هەر فەیلەسوفەو بەپێی تێڕوانینی خۆی ڕێگاکانی گەیشتن بە زانینێکی دڵنیای لێکراو دیاریدەکات، ئەگەر سەیری مێژوی فەلسەفە بکەین دەبینین یەکێکە لەو لقە گرنگانەی زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، چونکە مرۆڤ هەمیشە بەدوای زانینێکی دڵنیای لێکراودا گەڕاوە، جۆن لۆک بە دامەزرێنەری ڕێبازی ئەزمونگەرایی

ئینگلیزی دادەنرێت، لۆک لە کتێبی (وتارێک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆڤ)دا بۆچونەکانی خۆی سەبارەی بە پرۆسەی زانین دەخاتەڕو، پێیوایە سەرچاوەی سەرەکی زانین لە هەستەکان و ئەزمون و تاقیکردنەوە سەرچاوە دەگرێت، بەکارهێناوە و هەروەها میتۆدی ئیستقرائی بەکارهێناوە لە گەڕان بەدوای سەرچاوەی زانینی مرۆڤدا، ئەمەش بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان دادەنرێت کە یارمەتیدەر بوە لە پەرەپێدانی زانین مۆدێرندا گەشەسەندنی زانست، بەو پێیەی گۆڕانکاریەکی قوڵی لە تیۆری زانیندا هێنایە ئاراوە بە گەڕانەوەی زانین بۆ سەرچاوە ڕاستەقینەکەی کە ئەزمونی هەستەکیە، نەک پشت بە بیرۆکەی زگماکی ببەستێت، هەرچەندە پرسی زانین هەر لە کۆنەوە فەیلەسوفانی سەرقاڵ کردوە، بەڵام لۆک لە کتێبەکەیدا هەوڵیداوە بەشێوەیەکی مێتۆدی پرۆسەی بەدەستهێنانی زانین ڕون بکاتەوە، لۆک بە پێچەوانەی ئەو بۆچونە باوانەی سەردەمی خۆی ڕۆیشت، کە زۆرێک لە فەیلەسوفەکان پێیان وابو ئەقڵی مرۆڤ سەرچاوەی سەرەکی زانینە، ئەقڵ هەڵگری کۆمەڵێک بیرۆکەی زگماکی پێش ئەزمونیە، بەڵام لۆک ئەم بیرۆکەیەی پوچەڵ کردەوە و ڕونی کردەوە کە ئەقڵی مرۆڤ لەساتی لەدایک بونیدا خاڵیەو هیچ بیرۆکەیەکی پێشیانەی تێدانیە، بەڵکو هەرشتێک کە دەیزانین دەرئەنجامی درککردنی هەستەکیە، بەهۆی ئەزمونی هەستەکیەوە داتا و زانیاری لە بارەی شتەکانی جیهانی سروشتی دەگوازرێنەوە بۆ ئەقڵ، ئەرکی ئەقڵ تەنها ڕێکخستن و پۆلێنکردنی ئەو داتا و زانیاریانەیە کە لەڕێگەی ئەزمونی هەستەکیەوە بەدەستمان هێناوە.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:**

١.سەرچاوە سەرەکیەکانی زانین لای جۆن لۆک چین؟

٢.سنورەکانی زانینی مرۆڤ چەندە؟

٣. ڕۆڵی هەستەکان لەزانیندا چییە؟

٤.ئایا ئەقڵ خاوەنی هیچ بیرۆکەیەکی پێش ئەزمونییە؟

**مێتۆدی توێژینەوە:**

هەرتوێژینەوەیەکی زانستی کە ئەنجام دەدرێت پێویستە پەیڕەوی مێتۆدەیەکی دیاریکراو بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، لەم توێژینەوەیدا پەیڕەوی مێتۆدی شیکاری کراوە بۆ شیکردنەوەی تێکستەکانی جۆن لۆک کراوە سەبارەت بە پرۆسەی زانین.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوی گرنگترین بۆچونەکانی جۆن لۆکە لەسەر چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانین، هەروەها خستنەڕوی ئەو مێتۆدەی جۆن لۆک دەیخاتە ڕو لە پرۆسەی شت زانیندا.

**کێشەی توێژینەوە:** هەرتوێژینەوەیەکی زانستی پێویستە ئاماژە بە کێشەیەکی گرنگ بکات بە ئامانجی دۆزینەوە و خستنەڕوی چارەسەری پێویست و گونجاو، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئاماژە بە گرنگی و چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانینێکی دڵنیایی لێکراو لە ڕوانگەی جۆن لۆک بکرێت، وەکو یەکێک لە کاریگەرترین فەیلەسوفانی ڕێبازی ئەزمونگەرایی.

**پلانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دو بەشی سەرەکی پێک هاتوە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی جۆرەکانی زانین لای جۆن لۆک، دابەشکراوە بەسەر سێ باسدا، هەوڵدراوە جۆرەکانی زانین لای جۆن لۆک بەوردی ڕون بکرێنەوە، بەشی دوەم بە ناونیشانی بیرۆکەکان و زانین، دابەشکراوە بەسەر دو باسی سەرەکیدا، هەوڵدراوە جۆری بیرۆکەکان و چۆنیەتی پرۆسەی بەدەستهێنان و پێکهێنانیان ڕون بکرێنەوە.

**باسی یەکەم: جۆرەکانی زانین لای لۆک**

فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆک بە دامەزرێنەری ڕێبازی ئەزمونگەرایی دادەندرێت، بەو پێیەی کاریگەریەکی زۆری لەسەر فەیلەسوفانی دوای خۆی جێهێشتوە بە تایبەتی فەیلەسوفە ئەزمونگەراکانی وەک جۆرج بارکلی و دەڤید هیوم و جۆن ستیوارت میل و برتراند راسڵ قەرزاری ئەون بەهۆی شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتی تیۆری زانین و گەڕاندنەوەی زانین بۆ ئەزمون(نصري، ب س، ١٧١)، کتێبەکەی بە ناوی "وتارێک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆڤ" بە یەکەم هەوڵی گرنگ و زانستی دادەندرێت لە بواری تیۆری زانیندا، کە تیایدا هەوڵ دەدات لە زانینی مرۆڤ تێبگات و بیری مرۆڤ شیبکاتەوە و سروشتی زانینەکەی دیاری بکات، هەرچەندە فەیلەسوفانی پێش ئەو لێکۆڵینەوەیان لە بابەتی زانیندا کردوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی لۆک لە بواری زانیندا زۆر بە وردی ڕۆدەچێتە ناو بابەتەکان و جیاواز بو لە فەیلەسوفانی پێش خۆی، لەو کتێبەیدا پشت ئەستور بە میتۆدی ئیستقرائی "ئیندەکشن" لە سەرچاوەی زانینی مرۆڤی کۆڵیوەتەوە، ئەمەش تاڕادەیەک بە پێچەوانەی ئەو فەیلەسوفانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر زانین کردوە دادەنرێت، لای ئەو میتۆدی ئیستقرائی بە یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دادەندرێت کە یارمەتیدەر بوە بۆ گەیشتن

بە زانینێکی دڵنیایی لێکراو، بۆیە لەسەردەمی نوێدا و لەگەشەکردنی زانستەکاندا گرنگیەکی زۆری پێدراوە(أسلام، ١٩٦٤، ١٧-١٨)، لۆک پێی وابو هەمو زانیاریەکانی مرۆڤ لە ئەزمونەوە سەرچاوە دەگرن، ئەقڵی مرۆڤ لە ساتی لەدایکبونیدا خاڵیە و هیچ زانیاریەکی تێدانیە، ئەوەی زانیاری لەسەر تۆمار دەکات ئەزمونە، هەمو ئەو زانیاریانەی کە لە خۆی دەگرێت لە ئەزمونەوە سەرچاوەیان گرتوە(دیورانت، ١٩٧٢، ٣٢٠)، جەخت لەوە دەکاتەوە زانینی ڕاستەقینە لە ڕێگەی ئەزمونی هەستەکی و کارلێکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەدەست دێت، نەک لە ڕێگەی بیرۆکە زگماکی یان غەریزەییەکان کە پێشتر لە مێشکدا بونیان هەیە، ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی بەها و یاساکانی نێوان کلتور و کۆمەڵگەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم بیرۆکانە زگماکی نین، بەڵکو لە کاریگەری ژینگە و ئەزمونەکانی دەوروبەرەوە بەدەست هاتون، بەم پێیە دژایەتی ئەو بۆچونە دەکات کە بانگەشەی بونی بیرۆکەی زگماکی دەکەن کە دەبنە هۆی زانینی ڕاستەقینە(کرم، ٢٠١٢، ١٤٥، ١٤٦)، لۆک یەکێکە لە دیارترین فەیلەسوفە ئەزمونگەراکانی سەدەی حەڤدەهەم و بەشداریەکی گرنگی لە بواری زانیندا کردوە، لە کتێبی (وتارێک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆڤ) کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٦٨٩ بڵاوکرایەوە، باسی لە سروشت و سەرچاوەی زانینی مرۆڤ کردوە، لەم کتێبەدا بیرۆکە زگماکیەکانی ڕەتکردەوە کە لەو سەردەمەدا باو بون و پێیان وابو سەرچاوەی سەرەکی زانینی ڕاستەقینە و دڵنیایی لێکراون، جەختی لەوە کردەوە ئەقڵی مرۆڤ لە کاتی لەدایکبوندا وەکو پەڕەیەکی سپی وایە و زانین لە ڕێگەی ئەزمونی هەستەکی و تێڕامانەوە بەدەست دێت، ئەم کتێبە بە خاڵی وەرچەرخان لە فەلسەفەی نوێدا دادەنرێت، بەو پێیەی ڕێبازی ئەزمونگەرای لەسەردەستی ئەودا دەگاتە لوتکە، کاریگەری زۆری لەسەر فەیلەسوفەکانی دواتر هەبوە، ئەزمون وەک ئامرازی بەدەستهێنانی زانین لە گەشەکردنی زانست لەسەردەمی نوێدا گرنگیەکی زۆری هەبوە(هنترمید، ١٩٧٥، ١٧٥)، لە سەرەتای کتێبەکەیدا لۆک جەختی لەسەر پێویستی لێکۆڵینەوە لە سنور و تواناکانی ئەقڵی مرۆڤ دەکاتەوە پێش ئەوەی هەوڵی بەدەست هێنانی زانین بدات، پێش بەدەستهێنانی زانین دەبێت بزانێت کە توانای ئەقڵی مرۆڤ چەندە و دەتوانێت تاکوێ بڕ بکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی کە بەدوایدا دەگەڕێت، پێی وایە تێگەیشتن لەو توانایە زۆر گرنگە بۆ بەدەستهێنانی زانین، ئەمەش بۆ ئەوەیە زانینی مرۆڤ لەسەر بناغەیەکی لەرزۆک دانەمەزرێت، ئاماژە بەوە دەکات کە پێشتر خۆی و هاوڕێکانی لە ماڵەکەیدا کۆدەبونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانی زانین و زانست، بەڵام زۆری نەخایاند گەیشتنە ئەوەی - دوای هەوڵی زۆر کە ئەوان لەسەر ڕێگای ڕاست نەبون بۆ گەیشتن بە زانینی دروست، سەرەتا بە لێکۆڵینەوە لە سنوری زانین و توانای ئەقڵ بۆ بەدەستهێنانی زانین و جۆری ئەو زانینەی کە شایستەی لێکۆڵینەوەیە دەست پێدەکات، بەڵام لە بنەڕەتدا لۆک ئامانجی

لێکۆڵینەوە نیە لە ئەقڵ یان سروشتی ئەقڵ، بەڵکو زیاتر لێکۆڵینەوەیە لە توانای ئەقڵ کاتێک بەدوای زانیندا دەگەڕێت، واتا چاودێریکردنی پرۆسەی ئەقڵی و کاری ئەقڵ، لۆک درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت کە مەحاڵە لێکۆڵینەوە لە ئەقڵ بکرێت لە خۆیدا، هەرکەسێک ئەو کارە بکات وەک کەسێک وایە هەوڵی بینینی بە چاوی خۆی بدات، چونکە هەوڵدەدات بە ئەقڵی خۆی ئەقڵی خۆی ببینێت(محمود، ١٩٣٦، ٢٠٢)، فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆک ئەو تیۆریەی کە خستیە ڕو ئەقڵ وەک پەڕەیەکی سپی وایە خاڵیە لە هەمو بیرۆکە و زانیاریەکی پێشوەختە و ئەزمونی هەستی سەرچاوەی سەرەکی هەمو زانین و بیرۆکەکانمانە و لە ڕێگەی ئەم سەرچاوەوە هەمو بیرۆکەکان دێنە مێشکی مرۆڤەوە، زانین بەو شێوەیە پێناسە دەکات: "تێگەیشتن لە ڕێککەوتن یان ناکۆکی دو بیرۆکە"، ئەو پێناسەیە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە زانین کاتێک بەدەست دێت یان سەرهەڵدەدات کە زانیمان بیرۆکەکان چۆن پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، جا چ هاوتەریب بن یان دژی یەکتر بن، لۆک ویستی ئەوەمان بۆ پشتڕاست بکاتەوە کە مرۆڤ لە کاتی لەدایکبوندا بێبەشە لە هەمو بیرۆکەیەک، مێشک بە لاپەڕەیەکی سپی دەچوێنێت و هەستەکان و ئەزمونەکان ئەوانەن کە دەست دەکەن بە نوسینی هەرچیەک کە لە مێشکماندایە، هەستەکان بیرۆکەکان لە مێشکدا دروست دەکەن، ئەم بیرۆکانەش کە لە مێشکدا بونیان هەیە یادەوەری دروست دەکەن، بەم شێوەیە دەبێتە یادەوەریەک لە مێشکدا کە تێیدا بیرۆکە هەیە، ئەم بیرۆکانەش بۆچونەکان بە ماددی دەزانن، شتە ماددیەکان کاریگەری لەسەر هەستەکانمان دروست دەکەن و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بیانناسین، بیرۆکەکانمان لەڕێگەی ئامرازی هەستەکیەکان دروست دەبن سەبارەت بە جیهانی دەرەکی یان ماددیی، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە "هەستەکان لەم جیهانەدا بیرۆکە و بۆچونەکان دەگوازنەوە بۆ ئەقڵ"، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرچاوەی سەرەکی بیرۆکە و زانین شتە هەستەکیەکانە، کە بەتەواوی پەیوەستن بە هەستەکانمانەوە، زانین لەڕێگەی هەستەکانەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدەست دێت، کاریگەریەک لە مێشکدا ، بۆ نمونە لەکاتی دەستدان لە ئاوی گەرم یان بینینی تابلۆیەک کە لەلایەن هونەرمەندێکەوە کێشراوە، کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ لە مێشکدا دروست دەبێت و ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە پێی دەڵێین هەستکردن(أبراهيم، ٢٠٠٠، ٢٦٢).

لێرەدا ئەگەر بپرسین شوێنی زانینی ئێمە لەم جیهانەدا کوێیە؟ ئایا لە ڕوانگەی لۆکەوە دەتوانین بڵێین جیهانی هەستپێنەکراو و نەبینراو دەبێتە شوێن و مەیدانی زانینی مرۆڤ؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە دەڵێین ئەزمون و هەستەکان سەرچاوەن بۆ زانین؟ ئایا دەکرێ هەستەکان و ئەزمون دەرک بە بونی جیهانێک نەکەن ئێمە بڕیاری نەبونی ئەو جیهانە بدەین؟ لە ڕوانگەی لۆک و ئەزمونگەراکانەوە مەیدانی زانین جیهانی ڕیالیزمیە، بەو واتایەی ئەو جیهانەی شیاوی ئەزمون و هەستکردن بێت کە بریتیە لە جیهانی بینراو، ئەو جیهانە سەربەخۆ و لەدەرەوەی زەینی مرۆڤ بونی هەیە(صديق، ٢٠٢٢، ١٣٤)، سەبارەت بە زانینمان دەربارەی جیهانی دەرەوە بە تەواوی جەخت لەوە دەکاتەوە هەمو زانیاریە بنەڕەتیەکانمان لە ڕێگەی هەستەکانەوە پێمان دەگات، ئێمە بەردەوام سەرنجە تایبەتیەکانمان سەبارەت بە ڕوناکی، تاریکی، ڕەنگەکان، سارد، گەرم، ڕەق نەرم و .... هتد پێدەگات، هەمو ئەو شتانە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئاگامەندیماندا ناتوانین ناویشیان بۆ دابنێین، بەڵام هەر لە دەستپێکەوە تۆماریان دەکەین و هەندێکیان لە بیرماندا دەچەسپێن و دەستدەکەین بە لکاندنی هەندێکیان بە هەندێکی ترەوە، لۆک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەستەکانمان تاکە هێڵی سنوری ڕاستەوخۆی نێوان خودی ئێمە و واقیعی دەرەوەی ئێمەیە، تەنیا لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە دەتوانین سەبارەت بە هەر شتێک ببینە خاوەنی ئاگامەندی(ماگی، ٢٠١٠، ١٨٧)، لە کتێبەکەیدا شیکاریەکی قوڵی سروشت و توانایی زانینی مرۆڤ پێشکەش دەکات، لۆک زانین بە تێڕوانینی ئەقڵ سەبارەت بە پەیوەندی ڕێککەوتن یان ناکۆکی نێوان بیرۆکەکان پێناسە دەکات، ئەم پەیوەندیانە بۆ چوار جۆری سەرەکی پۆلێن دەکات:

**جۆری یەکەم:** ناسنامەیە، بەو واتایەی ئەقڵ هەست بەوە دەکات کە بیرۆکەیەکی دیاریکراو وەک یەکن یان جیاوازە لە بیرۆکەیەکی تر، بۆ نمونە ئەقڵ بە ڕونی جیایی دەکاتەوە کە ڕەنگی سپی هەمان ڕەنگی سور نیە و بازنە جیاوازە لە چوارگۆشە.

**جۆری دوەم:** جیاکاری، ڕاستەوخۆ پەیوەندیەکانی نێوان بیرۆکەکانە کە ئەقڵ سەرنجی پەیوەندیەکانی نێوان بیرۆکەکان دەدات، ئەمەش بە ڕونی لە چەمکە بیرکارییەکاندا دیارە.

**جۆری سێیەم:** تێبینیکردنی وردی نێوان بیرۆکەکان یان نەبونی ئەقڵ هەست بەوە دەکات کە ئایا کۆمەڵێک بیرۆکە لە بابەتێکدا پێکەوە بونیان هەیە یان نا، بۆ نمونە بیرۆکەی زێڕ سیفەتەکانی وەک: سەقامگیری لە بەرامبەر ئاگردا، ڕەنگی زەرد، کێش، نەرمی و تواوەیی.

**جۆری چوارەم:** بونی زانینی ڕاستەقینە، ئەقڵ هەست بەوە دەکات کە ئایا بیرکردنەوەکانی لەگەڵ بونێکی ڕاستەقینە لە جیهانی دەرەوەدا دەگونجێت یان نا، نمونەی ئەوەش زانینی ئێمەیە لەسەر بونی خودا، ئەم پۆلێنکردنە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە دەدات لە چۆنیەتی هەستکردن بە پەیوەندیەکانی نێوان بیرۆکەکانی ئەقڵی مرۆڤ و ئەمەش بەشدارە لە فراوانکردنی زانیاری و تێگەیشتنمان لە جیهانی دەوروبەرمان(رایت، ٢٠١٠، ١٦٩)، بە گەڕانەوەمان بۆ کتێبەکانی لۆک بەگشتی و بەتایبەتی کتێبی وتارێک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆڤ، دەکرێت بگوترێت لۆک سێ جۆری زانین دیاری دەکات (زانینی بۆهاتن –زانینی بەڵگەیی-زانینی هەستەکی).

**یەکەم: زانینی بۆهاتن:** بەرزترین پلەی زانینە کە ئەقڵ پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان ڕاستەوخۆ و بە ڕونیەکی تەواو هەست پێدەکات، لێرەدا ئەقڵ ڕاستەوخۆ ڕێکەوتن یان ناکۆکی نێوان دو بیرۆکە هەست پێدەکات بەبێ ئەوەی پێویستی بە نێوەندگیرێک هەبێت، نمونەی ئەوەش ئاگاداری ڕاستەوخۆی ئێمەیە کە سپی ڕەش نیە، یان بازنە سێگۆشە نیە( Locke, 1829, 520)، ئەو جۆرەی زانینە لای لۆک ئەوەیە کە ئەقڵ ڕاستەوخۆ هەست پێدەکات بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەڵگە یان ئیستدلال هەبێت، بە بەرزترین پلەی دڵنیای دادەندرێت، چونکە پشت بە تێگەیشتنی ڕاستەوخۆی ئەقڵ دەبەستێت بەبێ ئەوەی پێویستی بە هیچ بەڵگەی تر هەبێت، کاتێک ڕو دەدات کە ئەقڵ بە ڕونیەکی ڕەها پەیوەندی نێوان دو بیرۆکە ببینێت، جا ڕێککەوتن بێ یان ناکۆکی، ئەم جۆرە زانینە بە ڕونی و دڵنیایی ڕەها تایبەتمەندە، بەو پێیەی پێویستی بە هیچ هەوڵێکی ئەقڵی نیە بۆ بەدەستهێنانی، وەک ئەوەی کاتێک هەست بە ڕوناکی خۆر دەکەین یان جیاوازی دەکەین لە نێوان سپی و ڕەشدا، بەم شێوەیە دەتوانرێت ئەو زانینە بە بنەمای هەندێک زانیاری کە لە دەرەوەی گوماندایە هەژمار بکرێت و وای لێدەکات کە خۆی دەربخات و پێویستی بە بەڵگەی دەرەکی نەبێت بۆ پشتگیریکردن(أبراهیم، ٢٠٠٠، ٢٧٨)، بەو واتایەی زانینی بۆهاتن کە ئەقڵ یەکسەر ڕاستیەکان هەست پێدەکات بەبێ ئەوەی پێویستی بە شیکاری یان ئیستدلالێکی ئاڵۆز هەبێت، چونکە بە ڕونیەکی تەواو و ڕاستی ڕەها تایبەتمەندن، ئەقڵ کاتێک چەمکێکی وەک "بازنەیەک سێگۆشە نییە" یان "سێ گەورەترە لە دو" دەزانێت، یەکسەر ئەم ڕاستیانە هەست پێدەکات بەبێ ئەوەی پێویستی بە هیچ ئیستدلال و بەڵگەیەکی دەرەکی هەبێت، ئەم جۆرە زانینە بنەمای تێگەیشتنی مرۆڤ پێکدەهێنێت، کە هەمو پرۆسەکانی بیرکردنەوەی دواتر پشتی پێدەبەستن و ئەو خاڵە دەستپێکە کە ئێمە لێیەوە ئەنجامەکانمان بنیات دەنێین و هەر ئەوەشە کە دڵنیاییەکی تەواومان پێدەبەخشێت سەبارەت بە هەندێک بابەت بەبێ ئەوەی پێویستمان بە پشکنین یان تاقیکردنەوە هەبێت، بۆیە دەتوانرێت بڵێین زانینی بۆهاتن نوێنەرایەتی جەوهەری تێگەیشتنی ئەقڵانی دەکات،(خراسانی، ١٣٧٦، ١٢١) بەو پێیەی ڕاستەوخۆ پشت بە ئەقڵ دەبەستێت هەر ئەمەش وایکردوە ببێتە یەکێک لە جێی متمانەترین و دیاریکراوترین فۆرمەکانی زانین، کە بریتییە لە تێگەیشتنێکی دەستبەجێ و

ڕاستەوخۆی ڕاستی بەبێ ئەوەی پێویستی بە هیچ ناوەندێک هەبێت بۆئەوەی زانیاریەکانی پێ بگەیەنێت، بۆهاتن توانای ئەقڵە بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی دیارەکان بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەڵگەی دەرەکی هەبێت، کاتێک تێدەگەین کە کوڕ لە باوک بچوکترە یان سپی ڕەش نییە، ئەم ڕاستیانە بەبێ هیچ هەوڵێکی ئەقڵی زیادە خۆیان بەسەر هۆشیاری ئێمەدا دەسەپێنن، ئەم جۆرە زانینە بەو بناغەیە دادەنرێت کە بیرکردنەوەی لۆژیکی لەسەری بنیات دەنرێت، چونکە مرۆڤ پێویستی بە پێداچونەوە یان وردبینی لەم ڕاستیانەدا نیە بۆ ئەوەی باوەڕیان پێبکات، لەبەرئەوەی سەربەخۆیە، بۆیە ئەو جۆرە زانینە یەکێکە لە دڵنیاترین و ڕونترین فۆرمەکانی زانین، لەسەر بنەمای تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ بنیاتنراوە و ملکەچی گومان نیە(بزرگمهر، ١٣٨١، ٩٣)، تێگەیشتن و تێڕوانینی لۆک لەو جۆرەی زانینە جیاواز بو کە فەیلەسوفە ئەقڵانیەکان بیریان لێکردۆتەوە، لای لۆک ئەم جۆرە زانینە پرۆسەیەکی ئەقڵی ئەبستراکت نییە، بەڵکو لای ئەو ئەزمونێکی ڕاستەوخۆیە کە بەتەواوی وەک تێگەیشتنی هەستەکانە بۆ شتەکان، پێیوایە کە ئەو جۆرەی زانین چەمکێکی تەواو ئەقڵانی یان ئایدیاڵ نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی تەواو ئەزمونیە، نوێنەرایەتی توانایەکی هزری دەکات کە مرۆڤ دەتوانێت ڕاستەوخۆ هەست بە ڕاستی بکات، هەروەک چۆن هەستەکان هەست بە شتە ماددیەکان دەکەن، بەم پێیە بۆ لۆک ئەو زانینە لە هەمان ئاستدایە و تێگەیشتنێکی هەستەکیە، نەوەک وەک ئەوەی فەیلەسوفە ئەقلانیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و بە پرۆسەیەکی هزری ئەبستراکت دایدەنێن، لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر ئەو زانینە ئەو کردارە بێت کە هەستەکان لە وەرگرتنی زانیاری لە جیهانی دەرەوە ئەنجامی دەدەن، ئەوا بۆهاتن ئەو کردارەیە کە ئەقڵ لە هەستکردن بە ڕاستیەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامی دەدات،(نواک، ١٣٨٤، ٤٥)، هەرچەندە ئەو زانینە بە مانای فیزیکی هەستکردن بە شتە هەستەکیەکان نیە، بەڵام هاوشێوەی بینینی هەستەکیە، چونکە ئەقڵ پێویستی بە بەڵگە نیە بۆ ئەوەی بگاتە ڕاستی، بەڵکو ڕاستەوخۆ هەستی پێدەکات، هەروەک چۆن چاو هەر کە کەوتە سەری هەست بە ڕوناکی دەکات، ئەو زانینە تێگەیشتن و لێکدانەوەکەی جیاوازە لەوەی کە دێکارت پێشنیازی کردوە، بەو پێیەی لای جۆن لۆک ئەو زانینە پێچەوانەی فەلسەفەی ئەزمونگەرای نییە، بەڵکو لەگەڵیدا یەکدەگرێتەوە لە کاتێکدا لای دێکارت ئەو زانینە وەک پرۆسەیەکی ئەقڵی دەبینێت بۆ گەیشتن بە ڕاستیە زگماکیەکان یان پێشینەکان بە بێ پێویستی ئەزمون( Locke, 1829, 529-530)، لە تێڕوانینی لۆکدا ئەو زانینە ئەوەیە کە سەرچاوەی سەرەتای و بنەڕەتیە بەو پێیەی هەمو ئیستدلالێک یان بەڵگەیەک پەیوەستە بەو زانینەوە کە ڕاستەوخۆ بنەمای دروستکردنی پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان پێکدەهێنێت، بە بڕوای ئەو زانینێک نیە سەبارەت بە جەوهەرەکان، گشتگیرەکان، بنەما یەکەمەکان، ڕاستیە جێگیرەکان وەک ئەوەی لای دێکارت و فەیلەسوفە ئەقڵانیەکانی تر، بەڵکو سروشتێکی تەواو هەستەکی هەیە، چونکە لە تێگەیشتنی ئەقڵی ڕاستەوخۆدا دەردەکەوێت، پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان دەگەڕێتەوە بۆ زانینی هەستەکی، زانینی بۆهاتن زیاتر دڵنیاتر و باوەڕپێکراوتر و ڕاستترە لە زانینی بەڵگەیی، لەبەرئەوەی ئەو زانینە ڕەتدەکاتەوە کە لەسەر بنەما ئەبستراکتەکان لە بەڵگەکاندا بەکاردەهێنرێن بۆ گەیشتن بە ڕاستی دروست، لەبەرئەوەی بنەما پێشینەکان ڕەتدەکاتەوە بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان لە ڕێگەی سەلماندنەوە. (شاخت، ١٩٩٧، ١٥١)، ئەو زانینە تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێیە بۆ پەیوەندی نێوان دو بیرۆکە جا بە ڕێکەوتن بێت یان ناکۆکی بێت، بە بێ ئەوەی پێویستی بە نێوەندگیریەکی هزری هەبێت یان بەڵگەی زیادە، واتە ئەقڵ راستەوخۆ هەست بە ڕاستی دەکات بەبێ ئەوەی پەنا بۆ بیرۆکەی سێیەم ببات بۆ پشتڕاستکردنەوە یان ڕونکردنەوەی.

**دوەم: زانینی بەڵگەیی:** ئەو جۆرەی زانین وەک زانینی بۆهاتن نیە کە ڕاستەوخۆ هەستی پێبکرێت، بەڵکو پێویستی بە کۆمەڵێک هەنگاو هەیە کە بیرۆکەکان لە ڕێگەیەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، واتا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی نێوان

دو بیرۆکە بەیەکەوە نابەسترێتەوە، بەڵکو پێویستی بە پرۆسەی شیکاری و پەیوەندی لۆژیکی هەیە بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی دروست، ئەو زانینەی کە بەدەست دێت کاتێک هەست بە گونجان یا ناتەبای دو بیرۆکە دەکات، بەڵام نەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕێگەی نێوەندگیری بیرۆکەی ترەوە، زانینی بەڵگەیی بە کەمتر لە زانینی بۆهاتن جێگەی دڵنياییە، بەڵام هێشتاش ئاستی دڵنیاییەکەی ئاستێکی بەرزی هەیە، ئەگەر لەسەر بنەمای لۆژیکی دروست بنیات بندرێت، بۆ نمونە لە ماتماتیکدا ناتوانین بزانین کە کۆی گۆشەکانی سێگۆشەیەک ١٨٠ پلەیە تەنیا بە زانینی بۆهاتن، بەڵکو پێویستمان بە زانینی بەڵگەییە بۆ سەلماندنی ئەوە کە پشت بە ڕێسا ئەندازەییەکان دەبەستێت، باوەڕی وایە هەمو هەنگاوێک لە سەلماند پەیوەستە بە بۆهاتنی هەندەکیەوە، بەو پێیەی هەمو پەیوەندیەک لە نێوان بیرۆکەیەک و بیرۆکەیەکی تردا دەبێت، بۆ ئەقڵ دەبێت ڕون بێت بۆ ئەوەی لە زنجیرەی بەڵگەیدا بەردەوام بێت، بەم واتایە زانینی بەڵگەیی پرۆسەیەکی تەواو سەربەخۆ نیە لە بۆهاتن بەڵکو درێژکراوەی ئەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر و تۆکمەتر(شاخت، ١٩٩٧، ١٥١)، هەندێ کات هەیە ئەقڵ ناتوانێت ڕاستەوخۆ و بێ دودڵی هەست بە ڕێکەوتن یان جیاوازی نێوان دو بیرۆکە بکات، ئەوا پەنا بۆ بیرۆکەیەکی تر دەبات کە یارمەتیدەرە بۆ بەستنەوەیان بەیەکەوە، ئەم پرۆسەیە بە زانینی بەڵگەیی ناسراوە، بەو واتایەی زانین ڕاستەوخۆ بەدەست ناهێنرێت، بەڵکو پێویستی بە نێوەندگیری بیرۆکەکانی تر هەیە بۆ ئەوەی بەراوردەکە بکرێت و بگاتە ئەنجام، بەم شێوەیە کاتێک ڕێکەوتن یان یان ناکۆکی نێوان بیرۆکەکان بۆ ئەقڵ ڕون نەبێت ئەوکاتە پێویستی بە نێوەندگیری هەیە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیەکانی نێوان بیرۆکە جیاوازەکان( Locke, 1829, 530)، لۆک وای دەبینێت کە زانینی بۆهاتن یەکەمە و هۆی سەرەکی زانینەکانە، هەرچەندە زانینی بەڵگەیی پشتی پێدەبەسترێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان بیرۆکەکاندا، بەڵام لە ڕوی دڵنياییەوە لە پلەی دوەمدایە، بۆهاتن زانینێک نیە بۆ ڕاستیە ڕەهاکان وەک ئەوەی لە لای دێکارت و فەیلەسوفانی تری ئەقڵانی، بەڵکو تێگەیشتنێکی ڕاستەوخۆیە بۆ پەیوەندیەکانی نێوان بیرۆکەکان لەسەر بنەمای ئەزمون(Ibid, 530)، هەرچەندە لۆک جیاوازیەکی جەوهەری لە نێوان ئەو دو جۆرەی زانیندا نابینێت، بەڵکو پێی وایە جیاوازی نێوانیان تەنیا لە شێوازی پەیوەندی بیرۆکەکاندایە، لە بۆهاتندا ئەقڵ پەیوەندی نێوان دو بیرۆکە ڕاستەوخۆ هەست پێدەکات، لەکاتێکدا لە بەڵگەیدا ئەم تێگەیشتنە ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو لە ڕێگەی کۆمەڵێک بیرۆکەوە پەیوەندی نێوانیان ڕودەدات، بەم مانایە بۆ لۆک زانینی بەڵگەیی پرۆسەیەکی سەربەخۆ نیە لە زانینی بۆهاتن، بەڵکو زنجیرەیەک هەنگاوی یەک لە دوای یەکە، کە هەریەکەیان دەبێت بەڵگەیەکی بۆ ڕونکردنەوەی ئەوی دیکە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئیستدلالکردنی لۆژیکی وەک ئەوەی ئێمە لە بەڵگە ئەقڵانیەکاندا لێی تێدەگەین، هیچ نیە جگە لە پرۆسەیەکی بۆهاتن کە بە چەندین قۆناغدا درێژدەبێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارە لۆک ئەندازەیی وەک مۆدێلێکی ئایدیاڵی بەڵگەیی دەهێنێتەوە، چونکە بەڵگە ئەندازەییەکان پشت بە زنجیرەیەکی لۆژیکی ڕون دەبەستن، بەڵام هەر هەنگاوێک تێیدا پەیوەستە بە زانیارییە بۆهاتنەکانی پێشو، ئەم شیکاریە لەگەڵ ڕێبازە ئەزمونیەکەیدا یەکدەگرێتەوە، چونکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنانەت ئاڵۆزترین سیستەمەکانی سەلماندن ناتوانن بەسەر بۆهاتندا زاڵ بن کە بنەمای ڕاستەقینەی زانینە(Ibid, 531)، زانینی بەڵگەیی لەسەر بنەمای ئیستدلال و بەڵگە دامەزراوە و هەرچەندە وەک زانینی بۆهاتن ڕون و ئاسان نیە کە پێی دەناسرێتەوە، بەڵام ڕەنگە بە تەواوی ڕاست بێت ئەگەر هەر هەنگاوێکی لە ڕێگەی بۆهاتنەوە ڕون و پشتڕاست بکرێتەوە، نمونەی زانینی بەڵگەیی بە بڕوای لۆک، زانینی ئێمەیە سەبارەت بە بونی خودا، ئەم زانینە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەست پێبکرێت، بەڵکو پێویستی بە بەڵگە هەیە لە جیهانی دەرەوە، لۆک پێی وایە ئەو ڕێکخستن و مەبەستەی لە گەردوندا دەیدۆزینەوە بەڵگەیە لەسەر بونی دروستکەرێک کە خاوەن هێزێکی ڕەها و ئەقڵێکی کامڵە، هەروەها خودی

بونی ئێمە بەڵگەیە لەسەر بونی خودا، چونکە ئێمە خاوەنی توانا و هێزێکین کە ناکرێت لە خۆیەوە بونیان هەبێت، بەڵکو پێویستمان بە بونێکی باڵاتر هەیە کە بەرپرسیار بێت لە دروستکردنیان کە خودایە(محمود ، ١٩٣٦، ٢١٦)، لۆک پێی وایە سەلماندنی بونی خودا لە ڕێگەی بەڵگەی ئەقڵیەوە شیاوە، بەڵام پشت بە بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی نابەستێت کە هەوڵدەدات تەنها لە ڕێگەی چەمکەکەیەوە بونی خودا بسەلمێنێت، بەڵکو پشت بە بەڵگەی گەردونی دەبەستێت، کە لە ڕێگەی چاودێریکردنی جیهانی دەرەکیەوە بونی خودا پشت ڕاست دەکاتەوە، بە پێی ئەم بەڵگەیە گەردون ناتوانێ لە هیچەوە هاتبێتە ئاراوە، بەڵکو دەبێت بونەوەرێکی ئەبەدی و نەخولقێنراو هەبێت، خاوەنی هێز و زیرەکی ڕەها بێت، کە هۆکاری یەکەمی هەمو بونێکە، واتا بونی ئەو شتانەی لە جیهاندا ڕودەدەن پێویستی بە بونی دروستکەرێکی ئەبەدی هەیە کە ئەوانی هێناوەتە بون و ئەمەش ئەو بنەمایە پێکدەهێنێت کە لۆک پشتی پێدەبەستێت بۆ سەلماندنی بونی خوا(شاخت، ١٩٩٧، ١٥٦)، هەروەها زانینی بەڵگەیی دابەش دەکات بۆ دو جۆری سەرەکی:

١. **ئیستدلالکردنی ماتماتیکی**: ئەم زانینە لەسەر بنەمای بەڵگەی ئەقڵانی بونیات دەنرێت، بەو پێیەی ڕاستی و دڵنیایی تایبەتمەندی ماتماتیکن، بۆیە پێی وایە کە ڕاستیە ماتماتیکیەکان زگماکی نین وەک دیکارت بانگەشەی بۆ کردوە، بەڵکو ڕاستیەکن لەسەر بنەمای ئەقڵانی و دڵنیایی ڕێساکانی و لۆژیک دەکەونەوە.

٢. **بەڵگەیی بونی خوا:** لۆک هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هۆکاری یەکەمەوە بیسەلمێنێت، کە بنەمای هۆکارگەرایی وەک بنەمایەکی بێ گومان و سەلمێندراو قبوڵ دەکات، جەوهەری ئەو بەڵگەیە ئەوەیە هەمو شتێک کە سەرەتای هەیە دەبێت هۆکارێکی هەبێت، بۆیە ئەگەر ئەو وەک مرۆڤێک سەرەتای هەبوبێت، ئەوا پێویستە هۆکارێک هەبێت کە هۆکاری بونی ئەو بێت، بۆیە هەوڵ دەدات بونی خوا بسەلمێنێت وەک بیرۆکەیەکی ئەقڵی، بەم شێوەیە لە هەردو بەشەکەدا لۆک پشت بە بەڵگەی ئەقڵانی دەبەستێت وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دڵنیایی و زانینی ڕاستەقینە، سەیر نیە کە ئەمە هەڵەوێستی لۆک بێت وەک فەیلەسوفێکی ئەزمونی، هەوڵدەدات بونی جیهانی بیرکردنەوە بسەلمێنێت نەک جیهانی شتەکان بۆیە باس لەوە دەکات کە بونی ئیلاهی یەکێکە لەو بابەتانەی کە مرۆڤ مەحاڵە خەیاڵی بکات،(بزرگمهر، ١٣٨١، ٩٤)، ئەقڵ توانای گەیشتن بە جەوهەری ڕاستەقینەی خودایی نیە، لۆک پێی وایە کە بونی خودا لە ڕێگەی دەرئەنجاماندنی ئەقڵانییەوە دەسەلمێنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ددان بەوەدا دەنێت کە سروشتی خودایی لە توانای ئەقڵی مرۆڤ و لە دەرەوەی توانای تێگەیشتنی تەواوەتیە، بۆ ئەو ئەقڵ دەتوانێت بونی خودا وەک هۆکاری یەکەم دەربخات، بەڵام ناتوانێت لە سروشتی ڕاستەقینەی تێبگات، ئەمەش لەگەڵ پێگەی فەلسەفی ئەودا یەکدەگرێتەوە، کە جیاوازی دەکات لە نێوان زانینێک کە بۆ ئەقڵ مومکینە و زانینێک کە تێدەپەڕێت، کە تێیدا بونی خودایی وەک بیرۆکەیەکی ئەقڵی دەمێنێتەوە کە ئەقڵ هەستی پێدەکات، بەڵام جەوهەرەکەی لە دەرەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ دەمێنێتەوە(عباس، ١٩٩٦، ٩٤-٩٥).

**سێیەم: زانینی هەستەکی:** ئەو جۆرەی زانین سێیەم جۆری زانینە کە لۆک باسی دەکات، واتە زانین و هەستکردن بە بونی جیهانی دەرەکی، زانینێکە کەمتر جێگەی دڵنیاییە لەچاو زانینی بۆهاتن و بەڵگەیی، لۆک زانینی هەستەکی بە هەستکردن بە جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەبەستێتەوە، ئەم زانینە لەسەر بنەمای واقیعی ماددی دامەزراوە، دەبێت ددان بە بونیدا بنرێت، بەو پێیەی بنەمای بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانمان پێکدەهێنێت، بۆ سەلماندنی واقیعی جیهانی دەرەوە، لۆک پشت بە تێگەیشتنی هەستەکی دەبەستێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیهانی ماددی ڕاستەقینە تەنها وەهم یان فێڵ نیە،(فروغی، ١٣٨٣، ٣٨٤)، جگە لەوەش زانینی هەستەکی پێویستە بۆ دامەزراندنی جۆرەکانی تری زانین، بەو پێیەی پێویستی بە بەڵگە نییە، چونکە ڕاستەوخۆ لە ئەزمونی هەستەکیەوە وەرگیراوە، هەروەها جیاوازی

دەکات لە نێوان زانینێک لەسەر بنەمای تێگەیشتنی ئەقڵانی و هەستەکی بونیاتنراوە لەگەڵ جۆرێکی تری زانین کە زانینی عەقیدەییە، کە پەیوەستە بە باوەڕبون بە بیروباوەڕی ئاینی، ئەم زانینە لە دەرەوەی تواناکانی ئەقڵ و هەستەکانە و کەوتۆتە ژێر سەلماندنەوە، بەڵام لە ڕێگەی ئیمانەوە بە جێگیری دەمێنێتەوە، وەک بەشێک لە نهێنیەکانی عەقیدەی ئاینی(عباس، ١٩٩٦، ٩٥)، زانینی هەستەکی نوێنەرایەتی تێڕوانینمان بۆ جیهانی دەرەوە دەکات لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە، بەڵام به دڵنیایەکی کەمتر دەمێنێتەوە بە بەراورد لەگەڵ زانینی بۆهاتن و بەڵگەیی، پشت بە کاریگەریە هەستەکیەکان دەبەستن، کە ڕەنگە هەندێکجار ناڕون یان نادروست بن، بەڵام ئەم زانینە وەک ئاماژەیەکی سەرەکی بۆ پشتڕاستکردنەوەی واقیع دەمێنێتەوە، بەو پێیەی بەڵگەی زۆر هەیە بۆ پشتگیریکردنی ڕەوایەتییەکەی، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو وێنانەی لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە وەریدەگرین زۆرجار هاوتای ئەو واقیعەن کە بەرهەمی هێناوە(محمود، ١٩٣٦، ٢١٦)، زانینی هەستەکی پەیوەستە بە تێگەیشتن لە واقیعی دەرەکی وەک ئەوەی لە ڕاستیدا هەیە، دڵنیایی خۆی لە بونی خودی شتە مادیەکانەوە وەردەگرێت، کاتێک بیرۆکەیەک لە مێشکدا سەبارەت بە شتێکی دەرەکی دروست دەبێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی بونی ڕاستەقینەی خۆیەتی وادەکات زیاتر پەیوەندی بە واقیعەوە هەبێت. هەرچەندە پلەی دڵنیایی ئەم زانینە ناگاتە ئاستی دڵنیایی زانینی ئێمە لە خۆمان یان لە بونی خودا، بەڵام بە شێوەیەکی کردەیی بە دڵنیایی دەمێنێتەوە، بەو پێیەی کە شتە مادییەکان بونیان هەیە و تێگەیشتنمان بۆیان لە ڕێگەی هەستەکانەوە بەڵگەیە لەسەر واقیعەکەیان(کرم، ٢٠١٢، ١٤٢)، باوەڕی وایە سەلماندنی بونی جیهانی ماددی بە تەنیا لە ڕێگەی بەڵگەی لۆژیکییەوە ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت، چونکە ئەوان بەس نین بۆ گەیشتن بە دڵنیای لەم بوارەدا، پێی وایە زانینی بونی شتە دەرەکیەکان لە ڕێگەی ئامرازێکی ترەوە مومکینە ئەویش هەستکردنە، بەو پێیەی ئەم زانینە پشت بە ئەزمونی هەستەکی ڕاستەوخۆ دەبەستێت کە وێنەیەکی واقیعی دەرەکیمان پێ دەگەیەنێت و بونی پشتڕاست دەکاتەوە(شاخت،١٩٩٧، ١٥٨)، لۆک جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەقڵ ناتوانێت وێنەی شتەکان لەخۆیدا بەرهەم بهێنێت، بەڵکو پشت بە هەستەکان دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی زانین، کەسێک کە هەستێکی دیاریکراوی لەدەستداوە، وەک کەسێکی نابینایە کە پێشتر ڕەنگەکانی نەبینیوە، تەنانەت ئەگەر بۆشی وەسف بکرێن ناتوانێت وێنای ڕەنگەکان بکات، هەروەها لۆک جیاوازی دەکات لە نێوان ئەو وێنەیەی کە لە هەستەکانەوە وەردەگیرێن لەگەڵ ئەو وێنەیەی لە یادەوەریەوە وەردەگیرێن، هەستەکان بە زۆر بەسەرماندا دەسەپێنرێت، لەکاتێکدا بیرهێنانەوەی شتەکان ملکەچی ئیرادەی ئێمەیە، وەک چۆن دەتوانین وەریبگرینەوە یان لەبیری بکەین، جگە لەوەش ئەو شتانەی پەیوەستن بە هەستەکانەوە، وەک چێژ یان ئازار، ڕاستەوخۆ دەستبەجێن(بزرگمهر، ١٣٨١، ٩٢)، هەستەکان لە دامەزراندنی واقیعی دەرەوەدا یارمەتیدەری یەکترن، بۆ نمونە ئەگەر مرۆڤ ئاگر ببینێت، بەڵام گومانی لە بونی هەبێت، ئەوا دەتوانێت دەستی لێبدات بۆ ئەوەی هەست بە گەرمی و ئازارەکەی بکات، ئەمەش ڕونادات ئەگەر تێگەیشتنەکەی تەنها وێنەیەک بوایە، بەڵام زانینی ئێمە کۆپیەکی وردی خودی شتەکان نییە، بەڵکو نیشانەیە بۆ بونی ئەو شتە، هەروەها پێی وابو بونی ئەو شتانەی کە ڕاستەوخۆ لەبەردەم هەستەکانماندا نین، ڕەنگە جێگەی پرسیار بێت و ناتوانرێت بە دڵنیاییەوە بە ناسراو ە زانراو هەژمار بکرێن، بەڵام کاتێک ئەم شتانە دێنە ناو بازنەی دەرککردنی هەستەکی ڕاستەوخۆمانەوە، زانینمان لەبارەیان دەبێتە ڕاستەقینە، تا ئەو ڕادەیەی بیرۆکەکانمان لەگەڵ واقیعی دەرەکیدا یەکدەگرنەوە(أبراهیم، ٢٠٠٠، ٢٧٩)، لۆک پێی وابو کە زانینی هەستەکی لە بیرۆکە سادەکانەوە سەرهەڵدەدات کە لە هەستەکانەوە وەرگیراون، هەروەها جیاوازیکردن لە نێوان ئەو بیرۆکانەی کە لە ئەنجامی دەرککردنی هەستەکی ڕاستەوخۆوە سەرچاوە دەگرن و ئەوانەی کە لە ئەنجامی یادەوەری یان خەیاڵەوە سەرهەڵدەدەن ئاسانە، یەکەمیان ناچارە و چێژ یان ئازاری لەگەڵدایە، لە کاتێکدا دوەمیان مات و ملکەچی ئیرادەی ئێمەیە، دەتوانین لە

ڕێگەی ئەزمون و چاودێریکردنەوە، هەروەها لە ڕێگەی شایەتحاڵی کەسانی دیکەوە، ڕەوایەتی تێگەیشتنی هەستەکی پشتڕاست بکەینەوە، لەڕێگەی ئەم زانینەوە دڵنیا دەبینەوە کە جیهانێکی دەرەکی ڕاستەقینە هەیە کە پڕە لە شتە بەرجەستە و بەشەکیەکان(رایت، ٢٠١٠، ٢٧١)، زانین کاتێک بەدەست دێت کە مرۆڤ درک بە لێکچون و جیاوازی بیرۆکەکان بکات. ئەگەر ئەمە ڕوبدات کەسەکە زانینی بەدەستهێناوە. بەڵام کاتێک هیچ تێگەیشتنێک لە لێکچون یان جیاوازی لە نێوان ئەو بیرۆکانەی کە لە مێشکدا هەن نییە، ئەوا ئەمە لە ڕوانگەی لۆکەوە بە زانین نازانرێت، بەڵکو تەنها بە خەیاڵ یان گریمانە دادەنرێت. لۆک دەڵێت:"کاتێک دەزانین کە ڕەنگی سپی و ڕەش لەیەک ناچن بەڵکو جیاوازن، هەروەها کاتێک دەزانین کە کۆی گۆشەکانی سێگۆشە "٢ " یە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە هەستمان بە یەکسانی یان لێکچون کردوە لە نێوان بیرۆکەکەمان سەبارەت بە کۆی سێ گۆشەی سێگۆشەکە"، لۆک پێی وایە زانین کاتێک دروست دەبێت کە مرۆڤ بتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان بیرۆکەی هاوشێوە و جیاوازدا، ئەگەر مرۆڤ بتوانێت ئەم جیاوازیە یان لێکچونە لە نێوان بیرۆکەکاندا لە مێشکی خۆیدا هەست پێبکات ئەوا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەسەکە بە زانین گەیشتوە، ئەگەر ئەم توانایە بۆ جیاکردنەوەی بیرۆکەکان نەبێت ئەوا ئەمە بە زانین نازانرێت، بەڵکو تەنها خەیاڵ یان گریمانەکانە کە هیچ بنەمایەکیان لە واقیعدا نیە، بۆ نمونە کاتێک مرۆڤ درک بەوە دەکات کە ڕەنگی سپی جیاوازە لە ڕەنگی ڕەش، یان دەزانێت کە کۆی گۆشەکانی سێگۆشە ١٨٠ پلە، ئەمە مانای ئەوەیە کە درکی بە لێکچون و جیاوازی نێوان بیرۆکەکانی کردوە، بەمەش زانینی ڕاستەقینەی بەدەستهێناوە(أسلام، ١٩٦٤، ١٤٥ )، ئەو تیۆرەی کە لۆک باسی کردوە پەیوەندی بە سنوری زانینی مرۆڤ و چۆنیەتی پێکهێنانی بیرۆکە و زانینەوە هەیە، بە بڕوای جۆن لۆک زانیاری ئێمە سنوردارە سەبارەت بەو شتانەی کە لەبارەی بیرۆکەکانەوە هەمانە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زانینی مرۆڤ ناتوانێت لەوە تێپەڕێت کە ئێمە توانای بیرکردنەوەمان لەبارەیەوە هەیە، بە واتایەکی تر ناتوانین لە دەرەوەی بیرۆکە یان تێڕوانینەکانی ئێستامان هیچ شتێک بزانین، زانینمان ناتوانێت لە بیرکردنەوەکانمان زیاتر درێژ بێتەوە و تێپەڕیت، هەروەها زانیاریەکانمان ناتوانێت لەوە زیاتر بێت کە دەتوانین هەستی پێبکەین سەبارەت بە ڕێککەوتن یان ناکۆکی نێوان بیرۆکەکان، لۆک لە کتێبی "وتارێک سەبارەت بە تێگەیشتنی مرۆڤ " باس لەوە دەکات کە ئەقڵی مرۆڤ لە سەرەتادا وەک لاپەڕەیەکی سپی وایە کە هیچ بیرۆکەیەکی پێشوەختەی تێدا نیە و دواتر زانین لە ڕێگەی ئەزمونی هەستەکیەوە دەست دەکات بە شێوەگرتن، ئەم ئەزمونە ئەو زانیاریانەمان بۆ دابین دەکات کە بۆ بنیاتنانی بیرۆکەکانمان بەکاری دەهێنین، بۆیە زانین سنوردارە بەو ئەزمونەی کە دەیکەین و ناتوانین هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەو شتە بزانین کە دەتوانین ئەزمونی بکەین یان بیری لێ بکەینەوە، لۆک پێی وایە سنوری زانینی مرۆڤ بەو شتانە دیاری دەکرێت کە دەتوانین لە ڕێگەی هەست و بیرۆکەکانمانەوە ئەزمونی بکەین یان خەیاڵی بکەین و لەوە زیاتریش ناتوانین بگەینە زانین(Locke, 1829, 529)، زانین سنوردارە بە توانای ئێمە بۆ هەستکردن بە پەیوەندیەکانی نێوان بیرۆکە جیاوازەکان، جا ئەم پەیوەندیانە گونجاو بن یان دژ بەیەک بن، واتا کاتێک دەتوانین بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک بەڵگەیی یان هەستەکی تێبگەین کە بیرۆکەکان چۆن پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، ئەگەر تێڕوانینێکی ڕونمان هەبێت بۆ پەیوەندیەکانی نێوان بیرۆکەکان، ئەوا زانینمان بەدەستهێناوە ئەگەر نەتوانین هەست بەم پەیوەندیانە بکەین ئەوا زانینەکەمان ناتەواو دەبێت، بە واتایەکی تر زانین تەنها توانای دەستنیشانکردنی ڕێککەوتن، ناکۆکی، یان ناتەبایی نێوان بیرۆکەکانە، هەتاوەکو زیاتر ئەم پەیوەندیانە بە ڕونی هەست پێبکەین زانینمان تەواوتر دەبێت(أبراهیم، ٢٠٠٠، ٢٨٠).

دوای ئەوەی لۆک جۆرەکانی زانینی خستەڕو، دەبینین کە لە پرسی سنورەکانی زانین دەکۆڵێتەوە، دەڵێت کە زانینمان سنوردارە بە بیرۆکەکان کە نوێنەرایەتی بنەمای یەکەمی زانین دەکەن، چونکە مەحاڵە شتێک بزانین کە بیرۆکەیەکمان

لەبارەیەوە نەبێت، هەرچەندە هەستەکان ئەوانەن کە بیرۆکەکانمان سەبارەت بە جیهان و شتە ڕاستەقینەکان بۆ دابین دەکەن، بەڵام لۆک لەوەدا لەگەڵ دیکارت هاوڕایە کە ئەوان سەرچاوەیەکی دیاریکراو نین بۆ بەدەستهێنانی زانیاری تەواو سەبارەت بە جیهان، زانینی هەستەکی جێگای ڕاستی ڕەها یان دڵنیایی کۆتایی نییە، چونکە تێڕوانینی گشتی لە ڕێگەی چاوەکانەوە دیدێکی بەشەکی یان وردمان پێنادات سەبارەت بەو شتانەی کە دەیبینین لە ڕاستیدا لە واقیعدا ڕوودەدەن، هەروەها پرۆسەی بیستنی دەنگەکانی گوێ، ناسینەوە یان پێوانەکردنی وردی شەپۆلی دەنگی لەخۆناگرێت، بەڵکو تەنها گوێمان لێدەبێت،(مطهری، ١٣٨٦، ١٩٥)، هەر لەبەر ئەم هۆکارە لۆک درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:"زانینی مرۆڤ کەم و کوڕی هەیە و کەس ناتوانێت جەوهەرەکان بناسێت جگە لە بونەوەرێکی تر کە ئەو توانا و دەسەڵاتەی هەیە کە مرۆڤ نیە"، ئەو تیشک دەخاتە سەر کۆمەڵێک پاساو کە کەموکوڕیەکانی هەندێک زانیاری دەسەلمێنن، لەوانە بێتوانایی مرۆڤەکان لە هەستکردن بە پەیوەندییە پێویستەکانی نێوانیان، هەروەها ناتوانێت هەست بە پەیوەندیە پێویستەکەی نێوان ئەو سیفەتە هەستەکی و ئەو جەوهەرییە بکات کە هەڵیاندەگرێت، بۆیە لۆک بەو ئەنجامە گەیشتوە کە زانینی مرۆڤ سنورێکی هەیە کە تێیدا دەوستێت، بەجۆرێک کە ئەو بیرۆکانەی لەخۆی دەگرێت ناتوانێت زانیاریەکی پێویستی پێبدات سەبارەت بە شتەکان(عباس، ١٩٩٦، ٩٦).

### باسی دووەم: بیرۆکەکان و زانین:

بیرۆکەکان کۆمەڵەیەک وێناکردن و چەمکەکانن بەبێ گوێدانە ئەوەی چەندە گشتی یان تایبەتین، بیرۆکەکان بۆ ئەو چەمکەکانی وەک "سپیایی، ڕەقبون، شیرینی، بیرکردنەوە، جوڵە، مرۆڤ، فیل، سوپای، شەکر....هتد" لەخۆدەگرن، دوای ئەوەی جۆن لۆک بیرۆکە زگماکیەکانی ڕەتکردەوە و دوری خستەوە لە تیۆرەکەی، هەوڵیدا تیۆری خۆی بخاتەڕو بە گەڕاندنەوەی سەرچاوەکانیان بۆ ئەزمونی هەستەکی، بیرۆکەکانی کردە بەشێکی کتێبەکەی و تیۆری زانینەکەی، گەورەترین بەشی کتێبەکەی بۆ ئەوە تەرخانکرد، لۆک بیرۆکەکانی دابەش و پۆلێنی کرد، بەشێکی کتێبەکەی بۆ پەیوەندی نێوان چەمکەکان و بیرۆکەکان و پەیوەندیان بە ماناکانیان و کاریگەری زمان لەسەر بیرکردنەوە تەرخان کرد(أبراهيم، ٢٠٠٠، ٢٦٣)، بیرۆکەکان ئەو بنەمایەن کە ئەقڵ لەسەری کاردەکات، بیرۆکەکان ئەو ماددە خاوەن کە ئەقڵ پرۆسێسیان دەکات بۆ گەیشتن بە زانین، ئەقڵ ناتوانێت لە بۆشایدا کار بکات یان بەبێ ناوەڕۆک بیربکاتەوە، بۆیە بیرۆکەکان ئەوانەن ە بابەتێک بە ئەقڵ دەبەخشن بۆ تێڕامان و شیکردنەوە و بەبێ ئەوان چالاکی ئەقڵی بە تەواوی ئیفلیج دەبێت، بیرۆکەکان هەم ئامراز و هەم ماددەی پرۆسەی بیرکردنەوەن و بەبێ ئەوان ئەقڵ ناتوانێت تێبگات و حوکمەکان پێکبهێنێت، یان بگاتە ئەنجامەکانی زانین(أسلام، ١٩٦٤، ٥٦)، بیرۆکەکانی کردە جێگەی سەرنج لە کتێبەکەیدا، بەم پێیەش بوە جێگەی گرنگی پێدان لە بابەتی تیۆری زانینەکەی خۆی، بەو پێیەی بیرۆکەکان بابەتی سەرنجدان یان هۆشیارین، جۆن لۆک پێی وابو کە بیرۆکەکان "هەندێکیان سادە و هەندێکیان ئاڵۆزن" ئەو ئەم بابەتەی بە گرنگ زانی، نەک لەبەر ئەوەی هەندێک شتە فیزیکیەکان سادەن و هەندێکی تریش ئاڵۆزن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم جیاکاریە یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی کە ئەقڵمان تێیدا کاریگەرە(شاخت، ١٩٩٧، ١٣٦)، بۆ لۆک بیرۆکەکان کۆمەڵێک تێڕوانین و چەمکی بەرفراوانن، لۆک بیرۆکەکانی کردە جێگای بایەخی کتێبەکەی بەم شێوەیە بوە ناوەندی تیۆری زانینەکەی، بەو پێیەی پێی وایە بیرۆکەکان گرنگن، چونکە زانیاریمان پێدەدەن و زانینی لەسەر بونیات دەنرێت(Locke, 1829, 86)، لۆک پێی وابو زمان ئامرازێکە کە مرۆڤەکان پەرەیان پێداوە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەکانی نەک شتێک کە بە تەواوی زگماکی بێت یان بە ناچاری پەیوەست بێت بە شتەکانی جیهانی دەرەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە پەیوەندی نێوان وشە و ماناکە پەیوەندیەکی

سروشتی نیە، بەڵکو پەیوەندیەکی ئارەزومەندانەیە کە مرۆڤەکان لەسەری ڕێککەوتون، لێرەوە زمان دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی بیرۆکەکان لە ئەقڵێکەوە بۆ ئەقڵێکی تر، نەک ئامرازێک بۆ گەیاندن یان ڕاستەوخۆ ئاماژەدان بە شتەکان خۆیان، کاتێک کەسێک قسە دەکات بە قسەکانی ئاماژەیە بۆ خودی شتەکان، بەڵکو ئاماژەیە بەو چەمکانە یان وێنە دەرونیانەی کە هەیەتی، بۆیە ئەگەر بیرۆکەکە لە مێشکی قسەکەردا نارون یان شێواو بێت، ئەوا ئەو وشەیەی کە بەکاری دەهێنێت نارون دەبێت و ڕێگری لە پەیوەندی کاریگەر دەکات، بە کورتی لۆک پێی وایە کە:

١.زانین لە هەستەکانەوە دەست پێدەکات، چونکە هەستەکان بیرۆکە لە دەروندا پێکدەهێنن.

٢.زمان بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکانە بەکاردێت نەک شتە دەرەکیەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ.

٣.ڕۆنی زمان پەیوەستە بە ڕونی بیرۆکەکانەوە، بەو پێیەی وشەکان جگە لە هێمای بیرۆکەی هزری هیچی تر نین(عباس، ١٩٩٦، ٧٢).

بیرۆکەکانی ئێمە لە ڕوی سەرچاوەوە لە دو شوێنەوە سەرچاوە دەگرن: "بیرۆکەکانی هەستکردن و بیرۆکەکانی تێڕامان"، سەبارەت بە بیرۆکەکانی هەستکردن لە شتە دەرەکیەکانەوە، لە ڕێگەی هەستەکانەوە دێنە ئەقڵەوە وەک بیرۆکەی زەرد و سپی، سارد و گەرما، نەرم و رەق، هەمو ئەو شتانەی کە ئێمە پێیان دەڵێن سیفەتی هەستەکی، بیرۆکەکانی تێڕامان لە ئاگاداری ئەقڵ خۆیەوە دێتە ناو مێشک، کاتێک ئەقڵ ئەو کردارە ئەنجام دەدات ئەوا کۆمەڵێک بیرۆکە بۆ تێگەیشتن دابین دەکات کە ناتوانێت لە شتە دەرەکیەکانەوە بەدەستی بهێنێت وەک بیرۆکەکانی تێگەیشتن و بیرکردنەوە و گومان و باوەڕ و زانین و هەمو کردارە جۆربەجۆرەکانی ئەقڵ، لۆک دەڵێت: "شتە ماددیە دەرەکیەکان وەک بابەتەکانی هەستکردن، چالاکیە ناوەکیەکانی ئەقڵ وەک بابەتەکانی تێڕامان تاکە سەرچاوەن کە بیرۆکەکانمان لێیەوە سەرهەڵدەدەن و ئەقڵ ناتوانێت هیچ بیرۆکەیەکی تری هەبێت کە لەم دو سەرچاوەیە وەرنەگیرابێت، ئەگەر ئەقڵ بیر لەو بیرۆکانە بکاتەوە کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە بۆی دێت ئەوا مرۆڤ ناتوانێت بیر بکاتەوە پێش ئەوەی بیرۆکەکانی دەست بکەوێت وە هیچ مانایەکی نیە بڵێین کە ڕوح-دەرون هەمیشە بیردەکاتەوە"، بۆیە ڕوح-دەرون بیرناکاتەوە پێس ئەوەی هەستەکان ئەو بیرۆکانەی بۆ دابین بکەن کە بیری لێ دەکاتەوە، هەروەها هەتاوەکو بیرۆکەکانی ناو مێشک ئاڵۆزتر و چڕترین توانای بیرکردنەوەی زیاتر دەبێت(متي،٢٠٠١، ١٥٧)، بەو پێیەی لە ڕوانگەی لۆکەوە هەموشتێک کە لەمێشکدا هەیە یان ڕودەدات بیرۆکەیەکە یان بیرۆکەیەک لەخۆ دەگرێت، هەمو زانینی مرۆڤ لەم بیرۆکانەوە دەست پیدەکات، لەسەر ئەم بنەمایە لۆک لە بەشی دوەمی کتێبەکەیدا، بەردەوام دەبێت لە ڕونکردنەوەکەی لەسەر شێوازی بەدەستهێنانی بیرۆکەکان لە ڕێگەیی ئەزمونەوە، پێی وایە ئەقڵی منداڵ بە تەواوی دورە لە بیرۆکە، پێش ئەوەی هەر بیرۆکەیەک یان زانینێک لە ئەنجامی هاندانی ئەندامەکانی جەستەی وەربگرێت، وەک سندوقێکی بەتاڵ وایە، یان لاپەڕەیەکی سپی کە هیچی لەسەر تۆمار نەکراوە، ئەم جۆرە قسەکردنانە هەندێکجار بە هەڵە تێگەیشتوین، لۆک تەنیا بەو مانایە کە ئەقڵ لەو قۆناغەدا خاڵیە لە ناوەڕۆک و ناوەڕۆکەکەش تەنیا لە ئەزمونەوە دەتوانێت بێت، گێڕانەوەکەی لۆک ددان بەوەدا دەنێت کە ئەقڵ لەوکات و قۆناغەدا بەتاڵە لە هەمو پێشبینی کردنێک، ئەوەش تەنیا لە ئەزمونەوە بەدەست دێت، لۆک پێی وابو ئەقڵ لە کاتی لەدایکبوندا بارگاوی بە زانین یان بیرۆکە نیە، بەڵکو وەک پەڕەیەکی سپی دەست پێدەکات، بەڵام بە تەواوی پاسیڤ نیە، کاتێک ئەقڵ ئەزمونە هەستیەکان لە جیهانی دەرەوە وەردەگرێت بە سادەی هەڵیان ناگرێت، بەڵکو ڕۆڵێکی چالاکانە لە پرۆسێسکردنیاندا دەگێڕێت، وەک تێکەڵکردنی بیرۆکەکان یان بەراوردکردنیان یان ئەبستراکتکردنیان بۆ چەمکە ئاڵۆزترەکان، کەواتە زانین لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک نابێت، بەڵکو وردە وردە لە ڕێگەی ئەزمونەوە بنیات دەنرێت و بە بەشداری چالاکانەی خودی ئەقڵ، پێی وابو کە بیرۆکە سادەکان پێویستیان

بە پێناسە و ڕونکردنەوە نیە، چونکە خۆیان دیارن و دەتوانرێت لەلایەن هەر کەسێکەوە تەنها بە ڕاگەیاندنیان بناسرێتەوە، ئەوان وەک ئەتۆم وان لە فیزیادا – ئەو پێکهاتە سەرەتاییانەی کە هەمو زانستێک لێیەوە بنیات نراوە(رایت، ٢٠١٠، ١٥٩).

**لۆک پێیوایە دو جۆری سەرەکی بیرۆکەمان هەیە:**

**یەکەم: بیرۆکەی سادە:** ئەو داتا خامەیە کە ئەقڵ ڕاستەوخۆ لە ئەزمونی هەستەکیەوە وەریدەگرێت، بەبێ هیچ دەستکاریکردن و کۆکردنەوەیەک، ئەوان نوێنەرایەتی بنەما سەرەکیەکانی بنیاتنانی زانین دەکەن، ناتوانرێت شیکاریان بۆ بکرێت بۆ شتێکی سادەتر، وەک هەستکردن بە سپی، تامی شیرینی، یان هەستکردن بە گەرمی یان سەرما، واتە ئەم بیرۆکانە وەک خۆیان دەگەنە ئەقڵ، پاک و جیا، بناغەیەک پێکدەهێنن کە دواتر ئەقڵ لە ڕێگەی تێکەڵاوبون و بەراوردکردن و جیاکاریەوە بیرۆکە ئاڵۆزەکانی لەسەر بنیات دەنێت(متي، ٢٠٠١، ١٥٨)، بیرۆکە سادەکان بریتین لە تێگەیشتنە ڕاستەوخۆکان بۆ سیفەتەکانی شتە هەستەکیەکان و لە ئەنجامی بیرکردنەوە یان شیکردنەوەدا پەیدانابن، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەلایەن دەرککردنی هەستەکانەوە بەدەست دەهێنرێن، بۆ نمونە بیرۆکەی ڕەقبون یان ساردی لە ڕێگەی دەست لێدانەوە هەستی پێدەکرێت، کاتێک ڕوبەڕوی بەرگریەک دەبینەوە لە تەنێکەوە کە ڕێگری دەکات لە گۆڕانکاری یان جوڵەی ئاسان و ئەم بەرگریە ئەوەیە کە وامان لێدەکات هەست بکەین شتێک ڕەقە، بەو واتایەی ڕەقی شتێک نیە کە ئێمە شیکاری بکەین یان دەرئەنجامی بدەین، بەڵکو شتێکە کە ڕاستەوخۆ هەستی پێدەکەین کاتێک هەوڵدەدەین کاریگەری لەسەر شتێکی فیزیکی دروست بکەین، یەکێکە لە سادەترین بیرۆکەکان کە بەردەوام لە ئەزمونی هەستەکیماندا دوبارە دەبێتەوە، هەر بۆیەش بە ڕونی ڕەگ و ڕیشەی لە هۆشیاری ئێمەدا هەیە(Locke, 1828, 102,105)، ئەقڵ لە وەرگرتنی بیرۆکەی سادەدا پاسیڤە، ئەم بیرۆکانە بە کەرەستەی هەمو زانینەکانمان دادەنرێت، ئەقڵ هیچ ڕۆڵێکی لە دروستبونیاندا نییە، بیرۆکەی سادە ئەوانەن کە ناتوانرێت شیکاریان بۆ بکرێت بۆ بیرۆکەی سادەتر، گرنگترین تایبەتمەندیەکانیان بریتین لە:

١.سەرچاوەکەی ئەزمونی هەستەکیە، ئەوەی بە هەستەکان پێی دەگەین بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیەی کە ئەقڵ دروستی دەکات، یان ئەقڵ توخمێکە لە پێکهاتەکەیدا.

٢. بەسەرچاوەی سەرەکی زانین دادەنرێن، تایبەتمەندی وەک ساردی و ڕەقیی و شیرینی و ڕەنگەکانن، ئەم سیفەتانە لە هەستەکانەوە وەرگیراون، ئەقڵ لە ئەزمونەوە بەدەستیان دەهێنێت، بەڵام ئەقڵ ناتوانێت دروستیان بکات یان لەناویان ببات، ئەقڵ لێرەدا نێگەتیڤە، واتا ئەو بیرۆکانەن کە ئەقڵ لە ئەزمونی هەستەکیەوە بەدەستی هێناون.

٣. بیرۆکەگەلێکن کە ناتوانرێت شیکارییان بۆ بکرێت بۆ بیرۆکەی سادەتر و بەو ماددەیە دادەنرێت کە زانینی لێی پێکهاتوە(أبراهيم، ٢٠٠٠، ٢٦٣)، بیرۆکەی سادە ئەوانەن کە ناتوانرێت شیکارییان بۆ بکرێت بۆ بیرۆکەی سادەتر، جۆن لۆک پێی وابو کە ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێت بیرۆکەی سادە دروست بکات، هەرچەندە دەتوانێت بیرۆکەیەکی ئاڵۆز دروست بکات، نمونەی ئەمەش ئەوەیە کە کەسێک کە لە ساتی لەدایکبونەوە کوێرە، بیرۆکەی ڕەنگەکان لە مێشکیدا نیە، بەهەمان شێوە کەسێک کە نابیست بێت ناتوانی ئاوازی خۆش و ناخۆش لەیەکتری جیابکاتەوە، نابینا و نابیستەکان هیچ بیرۆکەیەکی جیاوازیان نیە سەبارەت بە ڕەنگی سور و دەنگی شمشاڵ، پەیوەست بە ڕەنگی سور، نابیناکە خەیاڵی ئەوە دەکات کە بیرۆکەی سور وەک دەنگی شمشاڵێک بوە، نابینا لێرەدا بچوکترین بیرۆکەی نیە لەسەر ڕەنگی سور، چونکە هەرگیز نەیبینیوە، کەواتە چۆن بیرۆکەیەکی هەبێت لەسەر شتێک کە پێشتر نەیبینیوە؟ ئەو نابیستەی هیچ بیرۆکەیەکی لەسەر دەنگی شمشاڵ نییە، بیرۆکەکان لێرەدا بە توانستی ئەقڵ-زەین بەدەست ناهێنرێن، بەڵکو لە ڕێگەی

هەستەکانەوە دێن و دروست دەبن، سادەی بیرۆکەیەک پەیوەندی بە هیچ تایبەتمەندیەکی ناوخۆی بیرۆکەکەوە نیە، بیرۆکە سادەکان ئەوانەن کە ناتوانرێت پێمان بگەیەنن ئەگەر لە ڕێگەی ئەزمونەوە پێیان نەگەین، لەوانەش بیرۆکەی سارد و بیرۆکەی تاڵ، جۆن لۆک پێی وایە هەستەکانمان تەنها بیرۆکەی سادەمان بۆ دابین دەکەن، هەستەکانمان ژمارەیەکی زۆر و جۆراوجۆری بیرۆکەی بەشەکیمان بۆ دابین دەکەن سەبارەت بە ڕەنگ و تام و بۆنی جیاواز، لای لۆک، بیرۆکە سادەکان لە ڕوی هزریەوە پێش بیرۆکەی ئاوێتەن و هەرچەندە ڕەنگە بیرۆکەی ڕێکخراو وەک یەکەیەک بونی هەبێت، (بزرگمهر، ١٣٨١، ٣١)، بەڵام ئێمە وەک یەکەیەک هەستی پێناکەین، بەڵکو ڕاستەوخۆ وەک ژمارەیەکی زۆر لە بیرۆکەی سادە هەستی پێدەکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بیرۆکە ئاڵۆزەکان لە کۆمەڵێک بیرۆکەی سادە پێکدێن، بۆیە بیرۆکەیەکی سادە دەکەوێتە پێش بیرۆکەیەکی ئاڵۆز، ئێمە وەک یەک بیرۆکە یان وەک یەکەیەک هەستی پێناکەین، بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایە هەستی پێدەکەین کە کۆمەڵەیەکی گەورەی بیرۆکەی سادەیە، لۆک دەڵێت: "بیرۆکە سادەکان بە ڕونی وەسف دەکرێن کاتێک فۆرمێکیان هەبێت کە هاوشێوەی خودی ئەو شتانە بن کە لێیەوە وەرگیراون یان ڕەنگە بە مانایەکی باش ڕێکخراو یان تێڕوانینێکی باش ڕێکخراو بیانخاتە ڕو تا ئەو ڕادەیەی کە یەکسانبون و سەرچاوەی پێویستیان هەیە و بەپێی دوریان لەم یەکسانیە وەک ناڕون وەسف دەکرێن". جۆن لۆک پێی وایە بیرۆکە سادەکان لە هزردا لەگەڵ سیفەتەکانی ناو جەستەدا دەگونجێت، واتە ئەقڵ سروشتێکی جیاواز لە جەستە وەردەگرێت، بیرۆکەکان بە سروشت ئەقڵی و ئەبستراکتن و سیفەتەکان بە سروشت هەستەکین، بەڵام بیرۆکە سادەکان لە کۆتایدا ڕەنگدانەوەی سیفەتەکانی شتەکانن(أبراهيم، ٢٠٠٠، ٢٦٤)، بۆ تێگەیشتن لە سروشتی زانینەکەمان، سەرەتا پێویستی بە بیرکردنەوە لەو بیرۆکانە هەیە کە لە هزردا دروست دەبن، بەتایبەتی ئەوانەی پێیان دەڵێین "بیرۆکەی سادە" ئەم بیرۆکانە هەرچەندە سەرچاوەکەیان واقیعی دەرەکیە، کە تێکەڵاو و فرە تایبەتمەندیە، بەڵام بە جیا و بە ڕونی لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەچنە ناو هزرمانەوە، هەر بیرۆکەیەکی سادە نوێنەرایەتی لایەنێکی ئەزمونی هەستەکی دەکات وەک ڕەنگ، تام، بۆن، یان پلەی گەرمی، جیاوازە لە بیرۆکەکانی تر، تەنانەت ئەگەر هەمویان لە یەک شتدا کۆبکرێنەوە، وەک پارچەیەک مۆم یان سەهۆڵ، هزری مرۆڤ بە شێوەیەکی شیکاری مامەڵە لەگەڵ ئەزمونە ئاڵۆزەکان دەکات، توخمە بنەڕەتیەکان یان بیرۆکە سادەکان جیا دەکاتەوە ئەمەش ڕێگەمان پێدەدات تێگەیشتنێکی زانینی ڕون و ڕێکخراو بنیات بنێن، ئەم سادەیی و جیاکردنەوەی بیرۆکەکان خاڵی دەستپێکی هەمو جۆرە زانینێکە(لوک، ٢٠١٩، ٢٠١). بەمشێوەیە لۆک جیاوازی لەنێوان بیرۆکە سادەکاندا دەکات و پۆلێنیان دەکات بەسەر چوار جۆردا دا:

١.ئەو بیرۆکانەی کە لە ئەنجامی تەنها یەک هەستەوە سەرچاوە دەگرن: وەک ئەو ڕەنگانەی کە تەنها بە چاو هەستیان پێدەکەین وەک سپی، سور، شین، سەوز.... هتد، یان ئەو دەنگانەی کە بە گوێ دەیبیستین وەک ئاواز و مێلۆدی، هەروەها ئەو بۆنانەی کە بە لوت بۆنیان دەکەین یان ئەو تامانەی کە لە ڕێگەی هەستی تامەوە هەستیان پێدەکەین، هەمو ئەم نمونانە بیرۆکەن کە ئەقڵ تەنیا لە ڕێگەی هەستی دیاریکراوی خۆیەوە دەتوانێت هەستیان پێبکات، ئەگەر یەکێک لەم هەستانە تێکچوبێت، بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ئەو بیرکردنەوانە هەست پێ بکەین، چونکە تەنها لە ڕێگەی یەک ڕێگاوە دروست دەبن.

٢.ئەو بیرۆکانەی کە لە ڕێگەی زیاتر لە هەستێکەوە سەرچاوە دەگرن: هەندێک شت لە ڕێگەی بەریەککەوتنی دو هەست یان زیاتر هەستیان پێدەکرێن، وێنەیەکی دەوڵەمەندتر و ئاڵۆزترمان پێدەبەخشێت، بۆ نمونە گەرما یان سەرما بە دەست لێدان هەستی پێدەکەین، بەڵام هەندێکجار دەتوانین ببینین، وەکو هەڵم یان جوڵە بە چاویش دەیبینین و

بە جەستەش هەستی پێدەکەین، هەروەها ڕەق یان نەرمی دەتوانین بە دەست لێدان هەستی پێدەکەین، هەندێکجاریش بە شێوە دەیبینین.(فروغی، ١٣٨٣، ٣٣٧).

٣.ئەو بیرۆکانەی کە تەنها لە بیرکردنەوە بەبێ هەست سەرچاوە دەگرن: هەندێک بیرۆکە لە جیهانی دەرەوەوە سەرچاوە ناگرن، بەڵکو لە تێڕامان یان بیرکردنەوەی ناوەوەمانەوە سەرچاوە دەگرن، بۆ نمونە بیرکردنەوە لە کات، گۆڕانکاری، یان هۆکار و کاریگەریەکەی، کاتێک لەبەرچاو دەگرین، بۆ نمونە: کات چیە، یان بۆچی ئەمە ڕویدا.

٤.بیرۆکەکان کە لە ئەنجامی تێکەڵەیەک لە هەست و بیرکردنەوەدا دروست دەبن: هەندێک بیرۆکە لە ئەنجامی کارلێکی ئەو شتانەی لە هەستەکانەوە وەریدەگرین لەگەڵ ئەو پرۆسە دەرونییانەی کە ئەنجامی دەدەین سەرهەڵدەدەن، بیرۆکە هەیە تەنها کاتێک دەستمان دەکەوێت کە هەستەکانمان بەکاربهێنین و لە هەمان کاتدا بیریان لێبکەینەوە، بۆ نمونە ژمارە و شتەکان بە ژمارەیەکی دیاریکراو دەبینین وەک ٣ سێو پاشان بە بیرکردنەوە چەمکی سێ هەست پێدەکەین، فەزا و دوری بە چاوی خۆمان دەیبینین، بەڵام بەڕاستی کاتێک بیری لێدەکەینەوە لێی تێدەگەین (أسلام، ١٩٦٤، ٥٩).

بە بڕوای لۆک بیرۆکەی سادە لە ڕوی سایکۆلۆجیەوە پێش بیرۆکەی ئاڵۆزە، هەرچەندە ڕەنگە بیرۆکەی ڕێکخراو وەک یەکەیەک بونی هەبێت، بەڵام ئێمە وەک یەکەیەک هەستی پێناکەین، بەڵکو ڕاستەوخۆ وەک ژمارەیەکی زۆر لە بیرۆکەی سادە هەستی پێدەکەین(شاخت، ١٩٩٧، ١٣٨)، دەڵێت"بیرۆکە سادەکان بە ڕونی وەسف دەکرێن کاتێک فۆرمێکیان هەبێت کە هاوشێوەی ئەو شتانە بن کە خۆیان لێیەوە وەرگیراون یان ڕەنگە بە مانایەکی باش ڕێکخراو یان تێڕوانینێکی باش ڕێکخراو بیانخاتە ڕو(أسلام، ١٩٦٤، ١٣٩)، بۆ تێگەیشتن لە سروشتی زانینەکانمان، سەرەتا پێویستمان بە بیرکردنەوە لەو بیرۆکانە هەیە کە لە مێشکماندا دروست دەبن، بەتایبەتی ئەوانەی پێیان دەڵێین "بیرۆکەی سادە"، ئەم بیرۆکانە هەرچەندە سەرچاوەکەیان واقیعی دەرەکیە کە تێکەڵاو و فرە تایبەتمەندیە، بەڵام بە جیا و بە ڕونی لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەچنە ناو مێشکمانەوە، هەر بیرۆکەیەکی سادە نوێنەرایەتی لایەنێکی ئەزمونی هەستەکی دەکات، وەک ڕەنگ، تام، بۆن، یان پلەی گەرمی و جیاوازە لە بیرۆکەکانی تر، تەنانەت ئەگەر هەمویان لە یەک شتدا کۆبکرێنەوە، وەک پارچەیەک مۆم یان سەهۆڵێک، بەو واتایەی ئەقڵی مرۆڤ بە شێوەیەکی شیکاری مامەڵە لەگەڵ ئەزمونە ئاڵۆزەکان دەکات، توخمە بنەڕەتیەکانیان (بیرۆکە سادەکان) جیا دەکاتەوە، ئەمەش ڕێگەمان پێدەدات تێگەیشتنێکی مەعریفی ڕون و ڕێکخراو بنیات بنێین، ئەم سادەی و جیاکردنەوەی بیرۆکەکان خاڵی دەستپێکی هەمو جۆرە زانینێکە(لوک، ٢٠١٩، ٢٠١)، کاتێک باس لە "بیرۆکە سادەکان" دەکەین دەبێت ئاگادار بین کە لە سروشتی هەستەکی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرن، واتا لەو کاریگەریەی کە شتەکان لەسەر هەستەکانمان بەجێی دەهێڵن، ئەو کاریگەریە هەستەکیانەن کە ئەو بیرکردنەوە سادانەی لە مێشکماندا بەرهەم دەهێنن، بەبێ گوێدانە سروشتی ئەو هۆکارە دەرەکیەی کە بوەتە هۆی دروستبونیان لە ساتێکی دیاریکراودا، بۆ نمونە بیرۆکەکانی وەک گەرما و سەرما، ڕوناکی و تاریک، ڕەش و سپی، جوڵە و بێدەنگی... هەمویان چەمکی ڕونن لە مێشکماندا، بەڵام سەیرە هەندێکیان تەنانەت لە غیابی هۆکارێکی فیزیکی ڕاستەوخۆدا دەتوانن دروست بن، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەقڵ توانای پێکهێنانی بیرۆکەیەکی هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەو شتەی کە بڕیارە سەرچاوەکەی بێت لە ڕاستیدا بونی نەبێت، بەڵام ئەم کەموکوڕیە یان ناڕونیە لە ڕونکردنەوەی هۆکارەکەدا کاریگەری لەسەر ڕونی خودی بیرۆکەکە نیە، چونکە کەموکورتیەکە پەیوەندی بە جیهانی دەرەکیەوە هەیە نەک بەو ئەقڵە کە بیرۆکەکە وەردەگرێت، بۆیە پێویستە بە باشی جیاوازی بکەین لە نێوان ئەوەی لە مێشکماندا هەیە لە شێوەی بیرۆکەیەکی ڕون، لەگەڵ ئەوەی لە واقیعی دەرەکیدا وەک مادده یان هۆکار هەیە، بۆ نمونە کاتێک ڕەنگی سپی یان ڕەش خەیاڵ دەکەین، تێگەیشتنێکی ڕونمان دەبێت لەوەی کە هەریەکەیان مانای چیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بزانین بۆچی

ئەم ڕوبەرە سپی دەردەکەوێت یان ئەو ڕوکارە ڕەشە، ئەوا دەبێت خودی بابەتەکە شی بکەینەوە(ملکیان، ١٣٧٩، ٣٧)، لە چی دروستکراوە؟ چۆن ڕێکخراوە؟ چ جۆرە ڕوناکیەک بەسەریدا دەکەوێت؟ ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە نیگارکێشێک یان کەسێک کە کار بە ڕەنگەکان دەکات، ڕەنگە بیرۆکەی زۆر ورد و ڕونی هەبێت سەبارەت بە ڕەش و سپی و سەبارەت بە ڕەنگەکان بە گشتی، تەنانەت ئەگەر درک بە شیکاری فیزیکی هۆکاری دەرکەوتنیان نەکات یان گرنگی پێنەدات، ڕەنگە دیدگای ئەو لە دیدگای ئەو فەیلەسوفە ڕونتر بێت کە سەرقاڵی هەوڵدانە بۆ ڕونکردنەوەی هۆکارە دەرەکیەکان، بیرۆکەکە خۆی لە خۆیدا لە مێشکی مرۆڤدا بە واقیعی دەمێنێتەوە، جا هۆکاری دەرەکیەکەی بزانێت یان نا، بیرۆکەی "ڕەش" لە مێشکدا کەمتر ڕون و ڕاست نیە لە بیرۆکەی "سپی" تەنانەت ئەگەر ڕەنگەکە خۆی لە ئەنجامی نەبونی شتێکی ماددی لە واقیعدا بێت(لوک، ٢٠١٩، ٢١٨)، لۆک دەڵێت:"بیرۆکە سادەکان بە ڕونی وەسف دەکرێن کاتێک فۆرمێکیان هەبێت کە هاوشێوەی ئەو شتانە بن کە خۆیان لێیەوە وەرگیراون، بیرۆکەی ئاوێتە لە بیرۆکەی سادە پێکدێت و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بیرۆکەی سادە پێش بیرۆکەی ئاوێتە دێت لە کات و لۆژیکدا، بۆ نمونە کاتێک هەست بە شتێکی ئاڵۆز دەکەین وەک دیمەنێک، یان ڕوداوێک بەڕاستی هەست بە کۆمەڵێک بیرۆکەی سادە دەکەین کە پێکەوە کۆکراونەتەوە، بەڵام ئێمە هەمیشە ڕاستەوخۆ درکی پێناکەین، بەڵکو وەک یەک یەکە لە ئەنجامی دوبارەبونەوە دەیبینین، بەو واتایەی تا بیرۆکەیەکی سادە لە ئەزمونی ڕەسەنی خۆی نزیکتر بێت کە لە هەستەکانەوە هاتوە ڕونتر دەبێتەوە، بەڵام تا زیاتر لێی دور بکەویتەوە یان نارێکخراوتر بێت، زیاتر شاراوە دەبێت"(شاخت، ١٩٩٧، ١٣٨).

**دووەم: بیرۆکە ئاڵۆزەکان:** بەرهەمی ئەو پرۆسەیە ئەقڵیانەن کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات کە تیایدا ئەقڵ ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەر دەگێڕێت، بە پێچەوانەی ئەوەی لە دروستبونی بیرۆکەی سادەدا ڕودەدات کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەستەکانەوە دێن، ئەقڵ تەنیا داتایی هەستەکی واتە بیرۆکەی سادە وەرناگرێت، بەڵکو کۆیان دەکاتەوە و ڕێکیان دەخات و بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەی ئاڵۆز، هەڵەیە ئەگەر وابیر بکەینەوە کە ئەم بیرۆکە ئاڵۆزانە تەنها وەهمێکن تەنها لەبەر ئەوەی لەلایەن ئەقڵەوە دروستکراون، بەڵکو نوێنەرایەتی ڕاستیە ئەقڵیەکان دەکەن، بۆ نمونە ئەگەر دو بیرۆکەی سادە وەکو "سپی" و "شیرینی" وەربگرین، ئەقڵ دەتوانێت تێکەڵیان بکات و بیرۆکەیەکی ئاڵۆز لە "شەکر" دروست بکات، واتە بیرۆکەی شەکر بە تێکەڵکردنی چەند سیفەتێکی سادە دروست دەبێت کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە هەستی پێدەکەین( Locke 1829, 148)، لە مێشکدا کۆمەڵەیەکی گەورەی بیرۆکەی ئاڵۆز هەیە وەک بیرۆکەی سوپا کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک سەرباز و کۆمەڵە سەربازەکان لە تاکەکان پێکهاتوە کە هەریەکەیان سەربازن، ئەو هەستەی مرۆڤ لە کاتی سەیرکردنی ئەم گروپەدا بەدەستی دەهێنێت بیرۆکەی تاکەکەسی سەربازەکانە کە پێکەوە کۆبونەتەوە، سەبارەت بەوەی کە ئەم گروپە سوپایەک پێکدەهێنن بیرۆکەیەکی ئاڵۆزە و ئەقڵ دەگاتە ئەو ئەنجامە، ڕێگای زیادکردنی ئەم تاکە هاوشێوەیانە بۆ یەکتر ئەوەیە کە تێگەیشتنی هەستەکی شتێک نابینێت کە پێی دەوترێت سوپا، بەڵکو سەرباز دەبینێت و ئەقڵ ئەوەیە کە لە مانای وشەی سوپای تێدەگات نەک هەستەکان( Ibid, 152)، ئەقڵی مرۆڤ بیرۆکەی سادە وەک ڕەنگ و شێوە ڕێکدەخات و کۆیان دەکاتەوە بۆ پێکهاتەیەکی لێکدراو کە گوزارشت لە هەستی جوانی دەکات، ئەم پێکەوەبونە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕونادات، بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی هۆشیارانەیە کە ئەو پەیوەندیانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە ئەقڵ هەستی پێدەکات لە نێوان شتەکاندا، واتە جوانی لە کارلێکی نێوان ئەو بەشە سادانەی مرۆڤ هەستی پێدەکات وەک ڕەنگ و شێوە و پەیوەندییەکانی نێوانیان دروست دەبێت، کەواتە دەتوانین بڵێین جوانی پەیوەستە بە توانای ئەقڵ بۆ پرۆسێسکردن و لێکدانەوەی کۆمەڵێک بیرۆکەی سادە و گۆڕینی بۆ بیرۆکەی ئاڵۆز(کرم، ٢٠١٢، ١٣٩)، بیرۆکە ئاڵۆزەکان بە ئاسانی لە تێگەیشتنە هەستەکیەکاندا ئامادە نین، بەڵکو

بەرهەمی چالاکیی هزری و فیکرین کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دروستکراوەوە لە نێوان بیرۆکە سادەکاندا ئەنجامی دەدەن، ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە بیرکردنەوەی ئەقڵانی و ئەبستراکت جیادەکاتەوە بەو پێیەی ئەقڵ توخمە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە بۆ پێکهێنانی چەمک یان بیرۆکەی ئاڵۆز کە ڕەنگە ڕاستەوخۆ لە واقیعی هەستەکیدا بونیان نەبێت(ملکیان، ١٣٧٩، ٢١)، ئەقڵ ڕۆڵێکی چالاک و ئەرێنی لە داڕشتنی بیرۆکە ئاڵۆزەکاندا دەگێڕێت کاتێک ئەقڵ ڕووبەڕوی بیرۆکەی سادە دەبێتەوە کە بەبێ دەستێوەردانی خۆی لە ئەزمونەوە وەریدەگرێت، ئەمە دەتوانێت کاردانەوەیەکی نەرێنی بێت یان تەنها وەرگرتنی بیرۆکە بەبێ ئەوەی لە قاڵب بدات یان دەستکاری بکات. بەڵام کاتێک باس لە بیرۆکە ئاڵۆزەکان دەکرێت، ئەقڵ تاکە هۆکارێکە کە توانای تێکەڵکردن و هەماهەنگی ئەم بیرۆکە سادانەی هەیە بۆ پێکهێنانی بیرۆکەی نوێ و ئاڵۆز، کەواتە ئەقڵ بەشداریەکی ئەرێنی دەکات لە کۆکردنەوەی ئەو بیرۆکە سادانە و ڕێکخستنیان بە ڕێکوپێکی(أبراهيم، ٢٠٠٠، ٢٦٤-٢٦٥)، بیرۆکە ئاڵۆزەکان بەرهەمی چالاکی ئەقڵن کاتێک پرۆسەی دەرونی وەک سەنتەری تێکەڵکردنی بیرۆکە سادەکان یان بەراوردکردن "سەرنجدان بە لێکچون و جیاوازی" ئەنجام دەدات، لەم حاڵەتەدا ئەقڵ بە سادەی زانیاری وەرناگرێت وەک چۆن لە بیرۆکەی سادەدا دەیکات، بەڵکو چالاک و کاریگەرتر دەبێت بیرۆکەکان ڕێکدەخاتەوە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی چەمکی نوێ و ئاڵۆز، لە بیرۆکە سادەکاندا تەنها وەریدەگرێت، بەڵام سەبارەت بە بیرۆکە ئاڵۆزەکان ئەقڵ بیرۆکەی نوێ دروست دەکات و شیکاری دەکات(الشنيطي، ١٩٦٢، ١١٠-١١١)، لۆک پێی وایە ئەقڵ توانای بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نیە بەبێ ئەوەی پێشتر لە ئەزمونی هەستەکی وەری گرتبێت، وەک چۆن مرۆڤێک کە هەر لە لەدایکبونەوە کوێرە ناتوانێت هەست بە مانای ڕەنگ بکات، چونکە پێشتر نەیبینیوە بۆیە ئەقڵ ناتوانێت هیچ بیرۆکەیەک تەنانەت بیرۆکەیەکی سادەش پێکبهێنێت، مەگەر لە ئەزمونی هەستەکیەوە بونی نەبوبێت(متي، ٢٠٠١، ١٥٨)، بیرۆکە ئاڵۆزەکان بە ئاسانی لە تێگەیشتنە هەستەکیەکاندا ئامادە نین، بەڵکو بەرهەمی چالاکیی هزری و فیکرین کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دروستکراوەوە لە نێوان بیرۆکە سادەکاندا ئەنجامی دەدەن، ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە بیرکردنەوەی ئەقڵانی و ئەبستراکت جیادەکاتەوە، بەو پێیەی ئەقڵ توخمە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە بۆ پێکهێنانی چەمک یان بیرۆکەی ئاڵۆز کە ڕەنگە ڕاستەوخۆ لە واقیعی هەستەکیدا بونیان نەبێت(کرم، ٢٠١٢، ١٤٠)، ئەقڵ ڕۆڵێکی چالاک و ئەرێنی لە داڕشتنی بیرۆکە ئاڵۆزەکاندا دەگێڕێت، کاتێک ئەقڵ ڕووبەڕوی بیرۆکەی سادە دەبێتەوە کە بەبێ دەستێوەردانی خۆی لە ئەزمونەوە وەریدەگرێت، ئەمە دەتوانێت کاردانەوەیەکی نەرێنی بێت یان تەنها وەرگرتنی بیرۆکە بەبێ ئەوەی لە قاڵب بدات یان دەستکاری بکات، بەڵام کاتێک باس لە بیرۆکە ئاڵۆزەکان دەکرێت ئەقڵ تاکە هۆکارێکە کە توانای تێکەڵکردن و هەماهەنگی ئەم بیرۆکە سادانەی هەیە بۆ پێکهێنانی بیرۆکەی نوێ و ئاڵۆز، کەواتە ئەقڵ بەشداریەکی ئەرێنی دەکات لە کۆکردنەوەی ئەم بیرۆکە سادانە و ڕێکخستنیان بە ڕێکوپێکی(أبراهيم، ٢٠٠٠، ٢٦٤)، بیرۆکە ئاڵۆزەکان بەرهەمی چالاکی ئەقڵن کاتێک پرۆسەی هزری وەک سەنتێزی تێکەڵکردنی بیرۆکە سادەکان و بەراوردکردن (سەرنجدان بە لێکچون و جیاوازی) و ئەبستراکشن (دەرهێنانی هاوبەشییەکان) ئەنجام دەدات، لەم حاڵەتەدا ئەقڵ بە سادەی زانیاری وەرناگرێت وەک چۆن لە بیرۆکەی سادەدا دەیکات، بەڵکو چالاک و کاریگەرتر دەبێت، بیرۆکەکان ڕێکدەخاتەوە و بەیەکەوە دەبەستێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی چەمکی نوێ و ئاڵۆز، لە بیرۆکە سادەکاندا ئەقڵ تەنها وەریدەگرێت، سەبارەت بە بیرۆکە ئاڵۆزەکان ئەقڵ بۆ دروستکردنی بیرۆکەی نوێ دروست دەکات و شیکاری دەکات، بیرۆکەی ئاڵۆز ئەو بیرۆکانەن کە پێکدێن لە تێکەڵکردنی کۆمەڵێک بیرۆکەی سادە، لۆک جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوە ئەقڵە کە ئەم بیرۆکانە بنیات دەنێت، لە ڕێگەی پرۆسەکانی وەک تێکەڵکردن و بەراوردکردن و ئەبستراکتەوە(الشنيطي، ١٩٦٢، ١١٠-١١١)، فەیلەسوفی ئەزمونی پێی وایە ئەقڵ توانای بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نیە بەتەنیا بەبێ ئەوەی پێشتر

ئەزمونی هەستەکی هەبوبێت، وەک چۆن مرۆڤێک کە هەر لە لەدایکبونەوە کوێرە و  ناتوانێت هەست بە مانای ڕەنگ بکات، چونکە پێشتر نەیبینیوە، ئەقڵیش ناتوانێت هیچ بیرۆکەیەک تەنانەت بیرۆکەیەکی سادەش پێکبهێنێت، مەگەر لە ئەزمونی هەستەکیەوە نەبێت(متي، ٢٠٠١، ١٥٨)، ئەقڵ بە یەکجار دەست بە زانینی بیرۆکە ئاڵۆزەکان ناکات، بەڵکو وردە وردە لە بیرۆکە سادەکانەوە بنیاتیان دەنێت، دو ڕێگەی بنەڕەتی هەیە بۆ پێکهێنانی ئەم بیرۆکە ئاڵۆزانە:

١. **دوبارەکردنەوەی چەندایەتی بیرۆکەیەکی سادە**: وەک لە نمونەی ژمارە بیستدا کە ئێمە بە چەمکێکی ڕاستەوخۆی "بیست" ئاشنا نین، بەڵکو بە زیادکردنی بیرۆکەی "یەک" بیست جار بەدەستی دەهێنین، ئەم جۆرە پێکهاتە لەسەر بنەمای دوبارەبونەوەی چەندایەتی هەمان بیرۆکە دامەزراوە.

٢. **پێکهاتەی چۆنایەتی بیرۆکەی جۆراوجۆر:** بۆ نمونە: جوانی لە خۆیدا بیرۆکەیەکی سادە نیە، بەڵکو لە مێشکدا تێکەڵەیەک لە چەند بیرۆکەیەکەوە دروست دەبێت وەک هاوئاهەنگی ڕەنگەکان، شێوەی جەستە و ..... هتد، لێرەدا ئەقڵ یەک بیرۆکە دوبارە ناکاتەوە، بەڵکو توخمە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە بۆ یەک یەکە.

کەواتە ئەقڵ کە دروستکەری بیرۆکە ئاڵۆزەکانە، یان لە ڕێگەی کەڵەکەبونی چەندایەتی بیرۆکەیەکی سادە یان لە ڕێگەی یەکخستنی چۆنایەتی فرە بیرۆکە بەدەست دێت، بەم شێوەیە ئێمە چەمکی ئاڵۆزمان هەیە وەک: دادپەروەری، ڕێکوپێکی، جوانی(أسلام، ١٩٦٤، ٦٠).

**لۆک بیرۆکە ئاڵۆزەکان دابەش دەکات بۆ چەند بەشێک:**

١.**تێکەڵکردن**(الدمج): ئەو چەمکانەن کە ئاماژە بە بونێکی سەربەخۆ لە دەرەوە ناکەن، بەڵکو پشت بە شتەکانی تر دەبەستن کە دەبێت بەدیبهێنرێن و ناتوانن خۆیان بونیان هەبێت بەڵکو ئەقڵ بیرۆکەی سادە لەگەڵ بیرۆکەیەکی تردا تێکەڵ دەکات بۆ گەیشتن بە بیرۆکەکە، وەک نمونەی سوپا کە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی ژمارەیەک تاک یان بیرۆکەی سێگۆشە کە پەیوەستە بە  تێکەڵکردنی بیرۆکەی لا لەگەڵ بیرۆکەی گۆشە (الشنيطي، ١٩٦٢، ١١١).

٢.**پەیوەندیدار**(التعلق): تیایدا ئەقڵ بیرۆکەیەک لەگەڵ بیرۆکەیەکی تردا تێکەڵ ناکات، بەڵکو ئەو دو بیرۆکەیە بە جیا و سەربەخۆ دەهێڵێتەوە و بە پەیوەندیەکەوە دەیانبەستێتەوە، وەک، هەستکردن بە پەیوەندی نێوان شتێکی پێشو و دوای وەک هۆکارگەراپی نێوانیان، هەروەها بیرۆکەکانی شوێن کە پشت بە هەستکردن بە پەیوەندیەکانی تەنیشتبون و پەیوەندیەکانی ئاڕاستە دەبەستێت، وەک ڕاست و چەپ، پێشەوە و دواوە، سەرەوە و خوارەوە، واتا بە بەراوردکردنی دو بیرۆکە بەبێ ئەوەی یەکیان بخات بۆ یەک بیرۆکە، چونکە ئەم پەیوەندیانە هەستیان پێ ناکرێت جگە لە بەستنەوەی شتەکان لەسەر بنەمای ئەو شوێنەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا داگیریان کردوە(رايت، ٢٠١٠، ١٦٢).

٣.**ئەبستراکت**(التجريد): ئەقڵ کۆمەڵێک شتی هاوشێوە کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی تێبگات چی هاوبەش و گشتی لە نێوانیاندا هەیە کە ئەمە سەرچاوەی بیرۆکە گشتیەکانە، واتا گشتگیر و ئەبستراکتەکان وەک بیرۆکەی مرۆڤ، کە ئەقڵ بە ئەبستراکتکردنی گشتی و باو لە ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا دەگاتە ئەو شتە، پاشان بیرۆکەی ئاوێتە یان شێواز، یان ماددە، یان پەیوەندیە مەرجەکان بیرۆکەی ئاڵۆزن سەبارەت بە شتەکان، ئەم بیرۆکانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بونیان نیە، بەڵکو زیاتر پێویستیان بە بونی شتێکی پێش خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بونیان هەبێت، وەک دڵسۆزی، چونکە دڵسۆزی تەنها لە مرۆڤێکی دڵسۆزدا دەتوانێت بونی هەبێت، هەروەها شێوە گۆشەیەکە، کە ناتوانێت بە خۆی بونی هەبێت، بەڵکو تایبەتمەندیەکی شتێکە کە ئەم شێوەی هەیە،  کوشتن، کردارێکە لە خۆیەوە ڕونادات، بەڵکو زیاتر پێویستی بە بکەرێکە کە بکوژەکەیە، سەبارەت بە ماددەکان ئاماژەن بۆ ئەو شتە تاکەکەسیانەی کە لە خۆیاندا بونیان هەیە و بەمەرجەکان تایبەتمەندن، ئەوان دەرئەنجامی بەستنەوەی چەند مەرجێکن وەک بەستنەوەی سپی و ڕەق و ساردی بۆ گەیشتن بە

بیرۆکەی بەفر، بەم پێیە بەفر ئەو جەوهەرەیە کە سیفەتەکانی سپی و ڕەق و ساردی تێکەڵ دەکات و بیرۆکەی مرۆڤیش ئەو جەوهەرەیە کە سیفەتەکانی زیندوبون و قسەکردن و ئەقڵ تێکەڵ دەکات(رایت، ٢٠١٠، ١٦٢)، ڕونی بیرۆکە ئاڵۆزەکان پەیوەستە بە ڕونی ئەو بیرۆکە سادانەی کە لێیەوە بنیات دەنرێن. ئەگەر بیرۆکە سادەکان ڕون بن، ئەوا ئەو بیرۆکە ئاڵۆزانەی لێیانەوە وەرگیراون، ڕون و ئاسان دەبن بۆ تێگەیشتن. ئەگەر بیرۆکە سادەکان ناڕون بن ئەوا بیرۆکە ئاڵۆزەکان ناڕون دەبن و تێگەیشتنیان قورس دەبێت، کەواتە ئەگەر بیرۆکە سادەکان بە چەمکە ڕونەکانەوە گرێبدرێن، ئەوا توانای ئەقڵ بۆ پێکهێنانی بیرۆکەی ئاڵۆز ڕونتر و کاریگەرتر دەبێت، بەڵام ئەگەر بیرۆکە سادەکان ناڕون بن، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بیرۆکە ئاڵۆزەکان تێگەیشتنیان لێیان ئاسان نەبێت، لۆک سەبارەت بە بیرۆکەی ئاوێتە دەڵێت: "ئەگەر ئەقڵ پڕ بێت لەم بیرۆکە سادانە، ئەوا هێزی ئەوەندەی دەبێت کە بە ئاسانی بیریان بخاتەوە، ڕاوێژیان پێ بکات، بەراوردیان بکات، دواتر لە بەشەکانیانەوە بیرۆکەی جیاواز و جۆراوجۆری بێکۆتایی پێکبهێنێت،(بزرگمهر، ١٣٨١، ٤٢)، بەم شێوەیە هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت بیرۆکەی ئاوێتە نوێیەکان دروست بکات"، کەواتە بە ڕونی وەسف دەکرێن کاتێک لە پێکهاتەکانی بیرۆکەی سادە و ڕون پێکهاتوە، لە کاتێکدا بە دو ڕەنگی وەسف دەکرێت ئەگەر هەریەکێک لە پێکهاتەکانی یان هەمویان وەک بیرۆکەی سادە و ناڕون وەسف بکرێن، واتا ئەگەر بیرۆکە سادەکان ڕون بن، ئەوا بیرۆکەی ئاڵۆز بەپێویستی ڕون دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بیرۆکە سادەکان دو ڕەنگی و ئاڵۆزبن، ئەوا بیرۆکە لێکدراوەکان دو ڕەنگ و ئاڵۆز دەبن(محمود، ١٩٣٦، ٢١٠)، کەواتە دەتوانین بڵێین بیرۆکە لێکدراوەکان ئەو بیرۆکانەن کە ئەقڵ لە بیرۆکەی سادە دروستی دەکات، چونکە ئەقڵ هێزی دوبارەکردنەوە و بەراوردکردن و یەکخستنی ئەو بیرۆکانەی هەیە لە فۆڕمی جیاوازدا بەو شێوەیە دەتوانێت بیرۆکەی نوێ و ئاڵۆز پێکبهێنێت بەهەر شێوەیەک بێت کە بیەوێت، بەڵام بەهێزترین ئەقڵ و فراوانترین تێگەیشتن توانای ئەوەی نیە بیرۆکەیەکی سادە لە ئەقڵدا پێکبهێنێت ئەگینا نابیناکان دەیانتوانی بیرۆکەی ڕەنگ بەدەست بهێنن و نابیستاکانیش دەیانتوانی بیرۆکەی دەنگەکان بەدەست بهێنن(متي، ٢٠٠١، ١٥٨)، ئەقڵ تەنها بیرۆکە وەرناگرێت، بەڵکو بەشداری لە پێکهاتنیان دەکات، بیرۆکەی سادە لە ئەزمونەوە بەدەست دێت، بەڵام بیرۆکەی ئاڵۆز لەلایەن خودی ئەقڵەوە لە ڕێگەی سێ پرۆسەیەوە دروست دەبێت: کۆکردنەوە (تێکەڵکردنی بیرۆکە سادەکان) و ئەبستراکتکردن (دەرهێنانی تایبەتمەندیە گشتیەکان) و بەراوردکردن (سەرنجدان بە لێکچون و جیاوازییەکان)، بەم شێوەیە ئەقڵ چالاک دەبێت نەک تەنها پاسیف بێت(نفس المصدر، ١٧١)، لە لایەکی ترەوە لۆک باس لە گونجان یان نەگونجانی نێوان بیرۆکەکان دەکات کە دەکرێنە چوار جۆر:

١.**خودی:** هەمەجۆری یەکەم کردار کە ئەقڵ دەیکات کاتێک هەستەکان یان بیرکردنەوەکانی بەدەست دەهێنێت، ئەوەیە کە درک بە بیرۆکەکانی دەکات، بۆیە تێدەگات کە هەمو بیرۆکەیەک خۆیەتی و جیاوازە لە بیرۆکەکانی تر وەک "شین زەرد نیە"، ئەم جۆرە تێگەیشتنە ڕەهایە بەتەواوی پێویست و گرنگە بە بێ ئەو زانین و بیرکردنەوە و چالاکیە ئەقڵیەکانی تر مەحاڵ دەبون، بەو واتایەی ئەگەر بیرۆکەکان جێگیر و جیاواز نەبن ئەوا زانین مەحاڵ دەبو، ئەقڵ بە وێنەیەکی زۆر ڕون دەرک بەوە دەکات هەمو بیرۆکەیەک لەگەڵ خودی خۆیدا یەکدەگرێتەوە و جیاوازە لەهەر بیرۆکەیەکی تر، کەواتە زانین لێرەدا دڵنیا و جێگیرە، بەڵام بە بڕوای لۆک بێ ئەنجامە، چونکە هیچ شتێکی نوێ زیاد ناکات بەڵکو ئەوەی پێشتر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زاندراوە دوبارەی دەکاتەوە و زانیاری نوێ نیە.

٢.**زیادکردن:** لەو جۆرەدا ئەقڵ دەچێتە ئاستێکی بەرزتر لە بیرکردنەوە، دەست دەکات بە دەرککردنی پەیوەندی نێوان دو بیرۆکە یان زیاتر جا ئەو دو بیرۆکەیە سەبارەت بە (مادده یان جەوهەر) بێت یان بارودۆخەکان یان هەر شتێکی تر، بۆ

نمونە، ئەو دو سێگۆشەیەی که لەسەر بنەمای یەکسان لە نێوان دو هێڵی هاوسەنگدا کێشراون، ئەقڵ لێرەدا پەیوەندی یەکسانی نێوان ئەو دو سێگۆشەیە درک پێدەکات.

**٣.پێکەوە بون:** جۆری سێیەم ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان ئەو بیرۆکانەی کە چەمکی ئاڵۆزی شتێک پێکدەهێنن، ئەوەیە کە هەندێک سیفەت یان بیرۆکە هەمیشە لەناو یەک شتدا کۆدەبنەوە وەک بیرۆکەی (زێڕ)، دەزانین کە زێڕ ڕەنگی زەردە، قورسە، بە ئاسانی ناتوێتەوە، لۆک ڕەخنە لەم جۆرە زانینە دەگرێت و دەڵێت نازانی ئەو سیفەتانە بە مەرج لە زێڕدا کۆدەبنەوە یان نا، بەڵام لەوەیە ماددەیەک هەبێت لە گەردوندا کە کێش و ڕەنگی یەکسان بێت لەگەڵیدا و زێڕ نەبێت، بەو مانایەی ئەو سیفەتانەی کە بیرۆکەی زێڕمان بۆ پێکدەهێنن مەرج نیە بە شێوەیەکی دیار پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت، بەڵکو تەنیا ئێمە ڕاهاتوین بەیەکەوە بیانبینین، ئەو نمونانەی کە بەزۆری لەم چوارچێوەیەدا دەدرێن، وەک "فۆرمێک کە درێژکردنەوە لەخۆ دەگرێت" یان "گواستنەوەی جوڵە بە پاڵنەر واتای ڕەقبون دەدات"، تەنیا شیکاریە زارەکیەکانن کە زانیاری نوێ زیاد ناکەن، چونکە تەنیا پێناسەیەکن کە پشت بە یەکتر دەبەستن.

٤.**بونی ڕاستەقینە:** دوا جۆری گونجان یان نەگونجانی نێوان بیرۆکەکان بریتیە لە بونی ڕاستەقینە، وەک "خودا بونی هەیە". ئەمەش جیاوازە لە سێ جۆرەکەی تر، چونکە گوزارشت لە پەیوەندی نێوان دو بیرۆکە ناکات، ئەگەر وتمان "خودا بونی هەیە" ئەوا بابەتەکە پەیوەندی نێوان بیرۆکەی خودا و بیرۆکەی بون دەرناخات، چونکە ئەو بونە سیفەتێک نیە کە بتواندرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ ئۆبژەیەک(بزرگمهر، ١٣٨١، ٥٠-٥٦).

## ئەنجام:

١.لەسەردەستی جۆن لۆک تیۆری زانین دوا شکڵ و شێوە و ناوەڕۆک وەردەگرێت، تیۆری زانین گرنگترین ئەو بابەتەیە کە لۆک لە سیستەمە فەلسەفیەکەیدا گرنگی پێداوە و هەوڵیداوە بەشێوەیەکی زانستی وەڵامی هەمو ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە زانین کراون بداتەوە.

٢.ئەوسەردەمەی لۆک تێیدا ژیاوە سەردەمی گەشەکردن و پەرەسەندنی زانست بوە، ئەو تیۆری زانینەی لۆک پەرەی پێداوە ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی زانستەکان لەسەردەمی نوێدا، چونکە پشت بە ئەزمون و تاقیکردنەوە دەبەستێت و هەستەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە بەدەستهێنانی زانینی دڵنیایی لێکراو.

٣.لۆک لەسەردەمی نوێدا نەک تەنها لەبواری تیۆری زانیندا پێشەنگ بوە، بەڵکو لەبوارەکانی سیاسەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەکردنی شارەستانیەت و پەیمانی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و مافی ژن ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوە و بۆچونەکانی جێگەی گرنگی پێدان بون و خزمەتێکی بەرچاویان بە پێشکەوتنی دیموکراسی و ئازادی و پێکەوە ژیان کردوە.

٤. لۆک جۆری زانینەکان بەپێی پلەی دڵنیاییان لەیەکتری جیادەکاتەوە، پێیوایە زانینی بۆهاتن، بەرزترین پلەی زانینە کە ئەقڵ پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان ڕاستەوخۆ و بە ڕونیەکی تەواو هەست پێدەکات، بەڵام زانینی بەڵگەیی ئەو جۆرەی زانین ڕاستەوخۆ وەک زانینی بۆهاتن نیە کە ڕاستەوخۆ هەستی پێبکرێت، بەڵکو پێویستی بە کۆمەڵێک هەنگاو هەیە کە بیرۆکەکان لە ڕێگەیەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەرچی زانینی هەستەکیە واتا زانین و هەستکردن بە بونی جیهانی دەرەکی، کەمتر جێگای دڵنیاییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری ئێمەیە دەربارەی شتە دەرەکیەکان.

٥.لۆک پێیوایە زانینی مرۆڤ زانینێکی سنورداره و لە چوارچێوەی بیرۆکەکان تێپەڕ ناکات، مرۆڤ تەنها دەتوانێت ئەوشتانە بزانێت کە لەچوارچێوەی هەستەکانماندان و دەتوانین ئەزمونیان بکەین، هەرشتێک بکەوێتە دەرەوەی دەرککردنی هەستەکی مرۆڤ ناتوانرێت لە بارەیەوە بزانرێت.

٦.لۆک بانگەشەی فەیلەسوفانی ئەقڵگەرایی لەبارەی بیرۆکە زگماکیەکان بەتەواوی ڕەتدەکاتەوە، پێیوایە ئەگەر بیرۆکە زگماکیەکان ڕاستیان هەبوایە دەبو لای هەمو مرۆڤەکان بەیەکسانی وەکو یەک خاوەنی هەمان بۆچون بوبان، لەمەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە مێشکی مرۆڤ وەکو پەڕەیەکی سپی وایە و هەمو ئەو زانیاریانەی کە بەدەستی دەهێنێت دوای دەرککردنی هەستکی و ئەزمون دەیانزانێت.

٧.بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ خاوەنی دو جۆر زانینە، زانینێکی ڕاستەوخۆ و سادە کە لەڕێگەی دەرککردنی هەستەکی دەستبەجێ پێی دەگەین، ئەم جۆرەی زانین سادەیە و هەستەکیە وەکو دەست لێدان و بۆنکردن و تامکردن و...هتد، زانینی دوەم زانینێکی ئاڵۆز و لێکدراوە، پێچەوانەی جۆری یەکەمە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دروست نابێت، بەڵکو ئەقڵ لە ئەنجامی لێکدانی داتا هەستەکیەکان و بەیەکەوە بەستنەوەیان بەدەستی دەهێنێت وەکو ئەسپی باڵدار و شاخی زێڕین.

## سەرچاوەکان:


أبراهيم، محمد أبراهيم (2000): الفلسفة الحديثة من ديكارت الى هيوم، دار الوفاء للنشر، الأسكندرية.

أسلام، عزمي(١٩٦٤): جون لوک، ط١، دار المعارف، مصر.

ديورانت، ول(١٩٧٢): قصة الفلسفة، ت. د. فتح الله محمد المشعشع، مكتبة المعارف، بيروت.

رايت، وليم كلي (٢٠١٠): تأريخ الفلسفة الحديثة، ت.محمود سيد احمد، ط1، التنوير للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت-لبنان.

شاخت، ريتشارد(١٩٩٧): رواد الفلسفة الحديثة، ت. أحمد حمدي محمود، مكتبة الأسرة، مصر- القاهرة.

الشنيطي، د. محمد فتحي(١٩٦٢): المعرفة، دار الكتب للطباعة و النشر، القاهرة.

عباس، دكتورة راوية عبدالمنعم(١٩٩٦): جون لوک أمام الفلسفة تجريبية، الناشر دار النهضة العربية، بيروت.

كرم، يوسف(٢٠١٢): تأريخ فلسفة حديثة، المملكة المتحدة، الناشر مؤسسة هنداوي، القاهرة.

لوک، جون(٢٠١٩): أعمال الفلسفية الكاملة، ت. عبدالكريم ناصيف، ط١، دار الفرق، دمشق.

متي، كريم(٢٠٠١): الفلسفة الحديثة، ط٢، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت-لبنان.

محمود، زكي نجيب(١٩٣٦): قصة الفلسفة الحديثة، جزء الأول، مطبعة لجنة التأليف و الترجمة و النشر، القاهرة.

نصري، د.هاني يحيي(ب س): دعوة للدخول في تأريخ الفسفة المعاصرة، المؤسسة الجامعية للدراسات، مصر.

هنترميد(١٩٧٥): الفلسفة أنواعها و مشكلاتها، ت.د. فؤاد زكريا، ط٢، مؤسسة فرانكلين، القاهرة.

بزرگمهر، منوچهر(١٣٨١): فلاسفه ی تجربی انگلستان، ج١، چ٢، حكمت و فلسفه ی ايران، تهران.

خراسانی، شرف الدين(١٣٧٦): از برونو تا كانت، چ٢، شركت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.

فروغی، محمد علی(١٣٨٣): سير حكمت در اروپا، چ١، هرمس، تهران.

مطهری، مرتضی(١٣٨٦): مسئله شناخت، چ١٨، صدرا، تهران.

ملكيان، مصطفی(١٣٧٠): تاريخ فلسفی غرب، چ٣، چاپ و پژوهشكده حوزه دانشگاه، تهران.

نواک، جورج(١٣٨٤): فلسفه تجربه گرا از لاک تا پوپر، ت.پرويز بابايی، چ١، ازاد مهر، تهران.

صديق، د.حسن حسين (٢٠٢٢): دەروازەیەک بۆ تیۆری زانین، چ١، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.

ماگی، برایان(٢٠١٠): مێژوی فەلسەفە، ت.عوسمان حمە ڕەشید گورون، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

Locke, John(1829): An Essay Concerning Human Understanding By John Locke Gent, With Notes And Illustrations, John's College, Cambridge, London.